# ساڵانەی
# دکتۆر ڕەئوف

**گۆڤارێکی ساڵانەی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری گشتییە**

**بنکەی خێرخوازی دکتۆر ڕەئوف لە تەقتەق دەریدەکات**

**ژمارە(١)ی ئەیلولی ٢٠١٥**

خاوەن ئیمتیاز

**هەڵات ڕەئوف عەزیز**

سەرنوسەر

**ئاراس ئیلنجاغی**

نەخشەسازی

**پەیام ئەحمەد**

ناونیشان: تەقتەق، شەقامی سەرەکی، بەرامبەر پارکی شەهید نامیق تاڵەبانی، نزیک مزگەوتی گەورەی تەقتەق

# پێڕست

| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|



# بیۆگرافیای دکتۆر ڕەئوف بخوێنەرەوە

ناوی تەواوی (ڕەئوف کوری کێخوا عەزیزی کێخوا ڕەشیدی کێخوا سەعید)ە، لەخانەوادەیەکی کێخوا زادەی مەلاکی تەقتەق-ە، ساڵی(١٩٤٧)لەشارۆچکەی تەقتەق چاوی بەژیان هەڵێناوە، دوای کێخوا عەزیزی باوکی ئەو وەك کوێخایەکی خاوەن بڕوانامەو مەعریفە وئەکادیمیەکی پسپۆڕ لە بنەماڵەکەیان دەرکەوت، خێزانەکەشی ناوی(گەلاوێژ موحەممەد نوری)نەوەی مەلا نوری ئیمام قاسمی شاری کەرکوکە.

دکتۆر ڕەئوف وەك هەموو منالانی تەقتەق خوێندنی سەرەتایی لە زێدی خۆی تەقتەق دەستپێکردووەو قۆناغەکانیتری ناوەندی و ئامادەیی لەکۆیەو هەولێر تەواوکردووە.

ساڵی ١٩٦٩ لەزانکۆی بەغداد کۆلیژی ڤێتەرنەری بەسەرکەوتوویی تەواو کردووە و لەبەر بەرزی ئاستی زانستی و توانای خوالێخۆشبوو بۆ زیاتر خوێندن و بڕینی قۆناغە زانستیەکانیتر ڕوو دەکاتە وولاتی بەریتانیاو لە زانکۆی لیڤەرپولی بەریتانی لە خوێندنی بالا وەردەگیرێت و بەسەرکەوتوویی ساڵی ١٩٧٦لەزانکۆی لیڤرپول ماستەری لەبواری زانستی پزیشکی ڤێتەرنەری بەدەستهێناوە، لەهەمان زانکۆو پسپۆڕیدا لەساڵی ١٩٧٩دکتۆرای تەواوکردووە.

دوای تەواو کردنی قۆناغەکانی خوێندن لەسلك وپۆستی جیاجیادا خزمەتیکردووە وەك:

١-پیشەی پیرۆزی مامۆستایەتی لەپەیمانگای ڤێرتێرنەری لەشاری بەغداد لەنێوان سالانی(١٩٧٠-١٩٧١).

٢-بۆماوەی چوار ساڵان بەرێوەبەری فەرمانگەی بەیتەرەی هەولێر بووە(١٩٧١-١٩٧٥).

٣-چوارساڵیتر لەنێوان سالانی(١٩٨٠-١٩٨٤)لەزانکۆی موسڵ مامۆستایەتی کردووە.

٤-لەنێوان سالانی(١٩٨٤-١٩٨٨) بەرێوەبەر بووە لە کۆمپانیای پەلەوەڕی گشتی لەناوچەی کوردستان(مەبەست هەرێمی کوردستانی عێراق)ە.

٥-ساڵێك بەرێوەبەری تاقیگەی ڤێرتێرنەری بووە لەناوچەی کوردستان(١٩٨٨-١٩٨٩).

٦-لەنێوان سالانی(١٩٩١-١٩٩٣) بۆ ماوەی ٢ساڵ مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین بووە.

٧-بۆ ماوەی سێ سالان وەك پسپۆڕ لەڕێکخراوی فاو کاریکردووە لەنێوان سالانی(١٩٩٧-٢٠٠٠).

٨-دامەزرێنەری بنکەی خێرخوازی دکتۆر ڕەئوفە لە تەقتەق لەنێوان سالانی(٢٠٠٢-٢٠٠٣).

٩-لەساڵی(٢٠٠٣-٢٠٠٤) لێپرسراوی کۆمیتەی ریفراندۆم بووە لە وولاتی بەریتانیا.

بەداخەوە ئەم مرۆڤە بەتواناو بلیمەتەی شارۆچکەکەمان ماوەی تەمەنی کورت بوو(٥٩)ساڵ ژیا، ئەو مرۆڤە خۆراگرە چوارساڵ(٢٠٠٢-٢٠٠٦) دووچاری نەخۆشی هات و وورە بەرزانە دوای سێ نەشتەرگەری لەوولاتی بەریتانیاوئەلمانیا، دواجار لەشاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان لەبەرواری ١٥/٩/٢٠٠٦لە دەمژمێر٢:١٠دوو و دەقیقەی بەیانی ماڵئاوایی لێکردین و دڵەگەورەکەی لەلێدان کەوت و لەگۆڕستانی(بانەڕەقە)ی زێدەکەی خۆی تەقتەق بەخاك سپێردرا.

دوای کۆچی دوایی دکتۆر ڕەئوف لەساڵی ٢٠١١ڕێزلێنانی فەخری دەی جیهانی پێدراوە و هەروەها لەشاری (زاخۆ) ش بنکەیەك بۆ توێژینەوەی ڤێرتێرنەری بەناوی ئەم زاتەوە ناونراوە، و لەساڵی ٢٠١٥وەش بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە بۆ ڕێزلێنان لەکارە خێرخوازییە پەروەردەییەکانی خوێندنگەیەکی بنەڕەتی بەناوی(خوێندنگەی دکتۆر ڕەئوفی بنەرەتی کوران)ناو لێنا.

جگە لەکارە جوان وچاکەکانی دکتۆر لەدوای خۆی دوو کوڕی بەناوەکانی(هەڵات:ئەندازیارە و ڕۆژ: دکتۆری نەخۆشیە دەرونیەکانە، لەگەڵ کچێك بەناوی شیرین مامۆستای زمانی ئینگلیزییە)بەجێهێشتووە.

هەزاران سلاو بۆ گیانی پاکی خوالێخۆشبوو دکتۆر ڕەئوف و داواکارین خودای دلۆڤان بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات.

# ئاماری ساڵانەی پەروەردەیی
# بنكەی خێرخوازی دكتۆر ڕەئوف



لەئامارێكی پەروەردەییدا بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٤-٢٠١٥ی خوێندنگە بنەڕەتی و ئامادەیی و باخچەكانی ساوایانی تەقتەق بنكەكەمان ژمارەی ساواو قوتابی و خوێندكاران و قوتابخانەو خوێندنگەو باخچەكانی ناو شارۆچكەی تەقتەق دەخاتەڕوو.

ژمارەی ناوەندەكانی خوێندن(٢٣)ناوەندە،(٢) باخچەو(٢)بنكەی فێركردنی نائاسایی گەوران بۆ ژنان و پیاوان و(٥)خوێندنگەی بنەڕەتی لەپۆلی(٧-٩)و(٩) قوتابخانەی بنەڕەتی لەپۆلی(١-٦)و(٥)خوێندنگەی ئامادەیی،

ژمارەی ساوایان لە هەردوو باخچەكەدا(٢٥٣) ساوایەوقوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی پۆلی(١-٦) ژمارەیان(٣٢٢٨)قوتابییەو قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی لەپۆلی(٧-٩) ژمارەیان(١٨٤٨)قوتابیەو قۆناغی ئامادەییەكانیش(١٥٠٧)خوێندكاری تێدایە و سەرجەمی ساواو وقوتابی و خوێندكار بۆ ساڵی ٢٠١٤-٢٠١٥لە شارۆچكەی تەقتەق(٦٨٣٦)ە، لە(٢٠١)پۆل و هۆبەدا وانەیان پێ ووتراوە.

بۆ یازدەیەمین خەڵاتی ساڵانەی دكتۆر ڕەئوف(٥٦)قوتابی و خوێندكار بڕوانامەی ڕێزلێنانیان پێ دەبەخشرێت و(١٠) قوتابی و خوێندكاریش لەسەر ئاستی تەقتەق پلەی یەكەمیان بەدەستهێناوە خەڵات دەكرێن و(٢)مامۆستاش ڕێزلێنیان پێ دەدرێت بەهۆی وانەبێژی لەخولەكاندا خۆبەخشانەو(٤) مامۆستای خولی بەهێزكردنی هاوینەی زمانی ئینگلیزی و بیركاریش، وا لەخوارەوە خشتەكانی ئاماری پەروەردەیی و ناوی خوێندكارە سەركەوتووەكانی قوتابخانەو خوێندنگەكانی ناوشارۆچكەی تەقتەق دەخەینەڕوو.

**یازدەمین خەلاتی سالانەی دکتۆر ڕەئوف بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٤-٢٠١٥**
**ناوی دە خوێندکارە یەکەمەکانی قوتابخانە بنەڕەتی و خوێندنگە ئامادەییەکان**
**لەسەر ئاستی شارۆچکەی تەقتەق**

| ژ | ناوی چواری خوێندکار | خوێندنگە | پۆل | کۆنمرە | تێکرا | ژ. هاوپۆلی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئیلاف ئیبراهیم حەمەد کەریم | قەندیل | شەشەم | ١٠٨٩ | ٩٩ | |
| ٢ | سانا بیستون عوبێد موحەممەد | سەرچەم | حەوتەم | ١٠٨٨ | ٩٨,٩٠ | |
| ٣ | ئەڤین ئومێد کەریم ڕەسول | سەرچەم | هەشتەم | ٩٨٧ | ٩٨,٧ | |
| ٤ | ڕاوێژقادر حەمەدەمین ئیسماعیل | سەرچەم | نۆیەم | ٨٨٧ | ٩٨,٥٥ | |
| ٥ | عەبدوڵلا میرزاموحەممەد ئیبراهیم | ئا.حەمرینی کوران | دەیەمی زانستی | ١١٧٨,٥ | ٩٨,٢٦ | |
| ٦ | شادان شێرکۆ وریا عارف | ئا.تەقتەقی کچان | یازدەیەمی زانستی | - | ٩٥,٨١٩ | |
| ٧ | ئەحمەد موحەممەد حەسەن عەلی | تەقتەقی کوران | ١٢ی زانستی | ٦٨٠ | ٩٧,١٤ | |
| ٨ | گەرمیان سەباح عابد قادر | ئا.حەمرینی کوران | دەیەمی وێژەیی | ١١٧٦,٥ | ٩٠,٤١٢ | |
| ٩ | ماردین حەمەدەمین حەمەد مستەفا | ئا.هۆژینی کچان | یازدەیەمی وێژەیی | ١١٢٢,٥ | ٩٢,٨٨٢ | |
| ١٠ | مەبەست چەتۆ ڕۆستەم عوبێد | ئا.حەمرینی کوران | دوازدەیەمی وێژەیی | ٦٤٢ | ٩١,٧١٤ | |

**یازدەمین خەڵاتی ساڵانەی دکتۆر ڕەئوف بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٤-٢٠١٥**
**ناوی خوێندکارانی سەرکەوتووی قوتابخانە بنەڕەتیەکانی شارۆچکەی تەقتەق**

| ژ | ناوی چواری خوێندکار | قوتابخانە | پۆل | کۆنمرە | تێکڕا | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئیلاف ئیبراهیم حەمەد کەریم | قەندیل | شەشەم | ١٠٨٩ | ٩٩ | |
| ٢ | موحەممەد موشیر خورشید | تەقتەق | شەشەم | ١٠٦٢ | ٩٦,٥٤ | |
| ٣ | هێرۆ جەبار مەعروف سەعید | باباگوڕگوڕ | شەشەم | ١٠٤٠ | ٩٤,٥٤ | |
| ٤ | سۆما سەردار ڕەزا ڕەمەزان | خاڵ | شەشەم | ١٠٣٣ | ٩٣,٩٠ | |
| ٥ | شەیما هاشم عەبدولقادر | لیوان | شەشەم | ١٠٢٨ | ٩٣,٤٥ | |
| ٦ | باخان شاخەوان سدیق | لیوان | شەشەم | ١٠٢٨ | ٩٣,٤٥ | |
| ٧ | ئەحمەد کامەران موحەممەد عەزیز | شالی | شەشەم | ١٠٢٣ | ٩٣ | |
| ٨ | مەحەممەد رەجب سوارە رەحمان | شالی | شەشەم | ١٠٢٣ | ٩٣ | |
| ٩ | گەشبین ئومێد کەریم رەسول | قانع | شەشەم | ١٠٢٢ | ٩٢,٩ | |
| ١٠ | ئامەد ئاراس عومەر فەتحوڵلا | گۆرقەرەج | شەشەم | ١٠١٥ | ٩٢,٢٧ | |
| ١١ | ئیدریس شوکرسابر بایز | قەندیل- پیاوان | شەشەم | ٦٤٥ | ٩٢ | |
| ١٢ | خانزاد ئەکرم عەلی سەعید | گۆرقەرەج | قۆناغ-٣ | ٦٣٥ | ٩١ | فێرکردنی نائاسایی ژنان |
| ١٣ | ڕاستی ئەحمەد عەبدولرەحمان حەمەد | تاڵ | شەشەم | ٩٩١ | ٩٠ | |
| ١٤ | هێڵین مەسعود ئیسماعیل عەبدولرەحمان | تاڵ | شەشەم | ٩٩١ | ٩٠ | |

**ئاماری سالأنەی پەروەردەیی (یازدەیەمین خەلأتی سالأنەی دکتۆر ڕەئوف )**
**تایبەت بەخوێندنگە بنەڕەتیەکانی شارۆچکەی تەقتەق**
**لە پۆلی(١-٦) بنەڕەتی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٤-٢٠١٥**

| ژ | قوتابخانە | ڕەگەز | | پۆلی یەکەم | | پۆلی دووەم | | پۆلی سێیەم | | پۆلی چوارەم | | پۆلی پێنجەم | | پۆلی شەشەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر |
| ١ | قەندیل | ٢١٩ | ٢٠٣ | ٢٦ | ٤٠ | ٣٤ | ٤٥ | ٢٨ | ٢٩ | ٣٧ | ٣٩ | ٤٥ | ٣١ | ٣٣ | ٣٥ |
| ٢ | قانع | ١٢٨ | ١٢٩ | ١٦ | ١٣ | ٢٢ | ١٨ | ١٦ | ٢٦ | ٢٣ | ١٤ | ٢٨ | ٣٠ | ٢٣ | ٢٨ |
| ٣ | تەقتەقی هاوڕێ | ٢٠٣ | ٢١٢ | ٣٤ | ٣٦ | ٢٩ | ٣٨ | ٣١ | ٤١ | ٣٨ | ٣١ | ٣٩ | ٣٠ | ٣٢ | ٣٦ |
| ٤ | باباگوڕگوڕ | ١٠٧ | ١٠٨ | ٢١ | ١٧ | ١٥ | ١٨ | ١٩ | ١٩ | ١٥ | ٢٤ | ١٥ | ١٩ | ٢٢ | ١١ |
| ٥ | گۆڕقەرەج | ١٥١ | ١٢٨ | ١٩ | ١٧ | ٣١ | ٢٨ | ٤٤ | ٢٣ | ٢٣ | ١٨ | ١٩ | ٢٠ | ١٥ | ٢٢ |
| ٦ | لیوان | ١١٠ | ١٠١ | ١٦ | ١٣ | ١٧ | ٢٢ | ١٩ | ١٨ | ٢٠ | ١٨ | ٢١ | ١٤ | ١٧ | ١٦ |
| ٧ | خاڵ | ٢٧٠ | ٢٨٨ | ٤٩ | ٤١ | ٤١ | ٦١ | ٤٤ | ٥٦ | ٥٣ | ٤٥ | ٤٠ | ٤٨ | ٤٣ | ٣٧ |
| ٨ | تاڵ | ٢١٦ | ٢٥٩ | ٣٧ | ٤٥ | ٤٤ | ٥٦ | ٤١ | ٤٢ | ٣٦ | ٤٠ | ٢٨ | ٤٢ | ٣٠ | ٣٤ |
| ٩ | شاڵی | ١٣٧ | ١٥٣ | ٢٧ | ٢٧ | ١١ | ٢٢ | ٢٠ | ١٨ | ٢٦ | ٣٥ | ٣٢ | ٣٥ | ١٩ | ١٨ |
| ١٠ | فێرکردنی گەوران-ژنان | ٥٠ | - | ٢٤ | - | - | - | ١٩ | - | - | - | - | - | ٧ | - |
| ١١ | فێرکردنی گەوران-پیاوان | - | ٥٦ | - | ١٢ | - | - | - | ١٢ | - | - | - | - | - | ٣٢ |
| | سەرجەم | ١٥٩١ | ١٦٣٧ | ٢٦٩ | ٢٦١ | ٢٤٤ | ٣٠٨ | ٢٨١ | ٢٨٤ | ٢٧١ | ٢٦٤ | ٢٦٧ | ٢٦٩ | ٢٤١ | ٢٦٩ |

**ئاماری سالآنەی پەروەردەیی (یازدەیەمین خەلآتی سالآنەی دکتۆر ڕەئوف) تایبەت بەخوێندنگە ئامادەییەکانی شارۆچکەی تەقتەق**
**لە پۆلی(١٠-١٢ی زانستی) بۆ سالّی خوێندنی ٢٠١٤-٢٠١٥**

| ژ | خوێندنگە | ڕەگەز | | دەیەم | | یازدەیەم | | دوازدەیەم | | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | |
| ١ | ئامادەیی تەقتەقی کوران | - | ٣٠٣ | - | ٤٧ | - | ٧٣ | - | ١٢٠ | |
| ٢ | ئامادەیی حەمرینی کوران | - | ٣٣٣ | - | ٧٣ | - | ٧٩ | - | ١١٣ | |
| ٣ | ئامادەیی تەقتەقی کچان | ٤٣٧ | - | ١٠٢ | - | ٧٩ | - | ١٥١ | - | |
| ٤ | ئامادەیی هۆژینی کچان | ٣١٠ | - | ٦٤ | - | ٨٣ | - | ٨٠ | - | |
| ٥ | ئامادەیی بروسکی ئێواران | - | - | - | - | - | - | - | - | |
| | سەرجەم | ٧٤٧ | ٦٣٩ | ١٦٦ | ١٢٠ | ١٦٢ | ١٥٢ | ٢٣١ | ٢٣٣ | |

**ئاماری سالآنەی پەروەردەیی (یازدەیەمین خەلآتی سالآنەی دکتۆر ڕەئوف )تایبەت بەخوێندنگە ئامادەییەکانی شارۆچکەی تەقتەق**
**لە پۆلی(١٠-١٢ی وێژەیی) بۆ سالّی خوێندنی ٢٠١٤-٢٠١٥**

| ژ | خوێندنگە | ڕەگەز | | دەیەم | | یازدەیەم | | دوازدەیەم | | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | |
| ١ | ئامادەیی تەقتەقی کوران | - | ٣٠٣ | - | ٢٠ | - | ٢١ | - | ٢٢ | |
| ٢ | ئامادەیی حەمرینی کوران | - | ٣٣٣ | - | ٣٠ | - | ١٩ | - | ١٩ | |
| ٣ | ئامادەیی تەقتەقی کچان | ٤٣٧ | - | ٤١ | - | ٢٥ | - | ٣٩ | - | |
| ٤ | ئامادەیی هۆژینی کچان | ٣١٠ | - | ١٦ | - | ٣٥ | - | ٣٢ | - | |
| ٥ | ئامادەیی بروسکی ئێواران | ١٩ | ١٠٥ | ١٠ | ٢٧ | ٦ | ٣٥ | ٣ | ٤٣ | |
| | سەرجەم | ٧٦٦ | ٧٤١ | ٦٧ | ٧٧ | ٦٦ | ٧٥ | ٧٤ | ٨٤ | |





**ئاماری ساڵانەی پەروەردەیی (یازدەیەمین خەڵاتی ساڵانەی دکتۆر ڕەئوف )تایبەت بەخوێندنگە بنەڕەتیەکانی شارۆچکەی تەقتەق لە پۆلی(٧-٩) بنەڕەتی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٤-٢٠١٥**

| ژ | قوتابخانە | ڕەگەز | | پۆلی حەوتەم | | پۆلی هەشتەم | | پۆلی نۆیەم | | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | |
| ١ | ماردین | ٢١٢ | ٣١٤ | ٧٥ | ١٢٧ | ٧٣ | ٩٩ | ٦٤ | ٨٨ | |
| ٢ | سەرچەم | ٢٦٣ | ٢٦٩ | ٩٤ | ١٠١ | ٧٣ | ٨٤ | ٩٦ | ٨٤ | |
| ٣ | توانست | - | ٣٢٠ | - | ١١٩ | - | ١٠٤ | - | ٩٧ | |
| ٤ | خالخالانی کچان | ٣٢٨ | - | ٩٢ | - | ١١١ | - | ١٢٥ | - | |
| ٥ | مەشخەلی ئێواران | ١٧ | ١٢٥ | ٥ | ٤٠ | ٨ | ٣٥ | ٤ | ٥٠ | |
| | سەرجەم | ٨٢٠ | ١٠٢٨ | ٢٦٦ | ٣٨٩ | ٢٦٥ | ٣٢٢ | ٢٨٩ | ٣١٩ | |

**ئاماری ساڵانەی پەروەردەیی (یازدەیەمین خەڵاتی ساڵانەی دکتۆر ڕەئوف )تایبەت بەباخچەکانی ساوایانی شارۆچکەی تەقتەق بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٤-٢٠١٥**

| ژ | باخچە | ڕەگەز | | هۆبەی یەکەم | | هۆبەی دووەم | | هۆبەی سێیەم | | هۆبەی چوارەم | | هۆبەی پێنجەم | | هۆبەی شەشەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر |
| ١ | گوڵاڵە | ٤٥ | ٤٨ | ٢٣ | ٢٥ | ٢٢ | ٢٣ | - | - | - | - | - | - | - | - |
| ٢ | تەقتەق | ٧٥ | ٨٥ | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| | سەرجەم | ١٢٠ | ١٣٣ | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |




# کورتەیەک لەسەر مێژووی بنکەی خێرخوازی دکتۆر ڕەئوف و چالاکی و بەرنامەکانی

بیرۆکەی بنکەکەو پرۆژە خێرخوازییەکە ئەندازیارەکەی خوالێخۆشبوو(دکتۆر ڕەئوف کێخوا عەزیز کێخوا ڕەشیدی تەقتەق)ە، دکتۆری کۆچکردوو لە(١٢/٨/٢٠٠٢) داوایەکی بەرزکردۆتەوە بۆ جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی کردنەوەی بنکەیەکی تایبەتی خێرخوازی پەروەردەیی، ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرواری(١٨/٨/٢٠٠٢) بەنوسراوی(١/١٦/٤٧٧٩)ڕەزامەندی لەسەر ناوەڕۆکی داواکەی خوالێخۆشبوو دکتۆر ڕەئوف داوە، بەئەنجامدانی پرۆژەکە، بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێم لە(١٨/٨/٢٠٠٢) بەنوسراوی ژمارە(٤٨٠)ی نوسینگەی تایبەت داوای لە سەرۆکایەتی شارەوانی تەقتەق کردووە کەزەوی بۆ پڕۆژەی ناوبراو تەرخانبکرێت.

لەکۆتایی ساڵی(٢٠٠٢)پرۆژەکە بۆ بونیاتنان کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە کە بەشێوەیەکی سەرەکی پێك دەهات لە دروستکردنی(٨)دووکان لەسەر شەقامی سەرەکی تەقتەق وهۆلێك وژووری کارگێڕی و کارگوزارودەبلیووسی و گەنجینەیەکی بچووك، لەساڵی(٢٠٠٣)بیناکە تەواوکراو لەساڵی(٢٠٠٤)ەوە پرۆژەکە چووە بواری جێبەجێکردنەوەو دەستی بەکارە خێرخوازییەکانی کرد.

لەبەرواری(٩/٥/٢٠٠٤)بەگوێرەی کۆنوسێك لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی تەقتەق وخوالێخۆشبوو دکتۆر ڕەئوف پرۆژەکە کەوتە بواری کردارییەوە بەمشێوەیەی خوارەوە:

لیژنەیەك پێکهێنرا بەسەرۆکایەتی دکتۆر ڕەئوف عەزیز ڕەشید یان(هەڵات)ی کوری یان نوێنەری خێزانەکەی بەسەرۆکی لیژنەو هەریەك لە(عەبدی عەبدولکەریم ئۆمەر و جەبار سوارە رەحمان)بوونە ئەندامی ئەو لیژنەیە، بەهۆی ئەوەی خوالێخۆشبوو دکتۆر ڕەئوف لەماوەی نێوان ساڵانی(٢٠٠٢-٢٠٠٦)دووچاری نەخۆشی هات وە لەبەرئەوەی مامۆستا(کاکەخان نەسرەدین ئەمین) بەڕێوەبەری ئەوکاتی ناحیەی تەقتەق بۆ پرۆژەکە خەمخۆر بوو، لەلایەکیتریشەوە دۆستی نزیکی خوالێخۆشبوو بوو بۆیە وەك نوێنەری خانەوادەی دکتۆر رەئوف، لەلایەن دکتۆر ڕەئوف

خودی خۆیەوە دیاریکرا بەسەرۆکی جێبەجێکاری پرۆژەکە، ناوبراو دڵسۆزانە بۆماوەی(٦)ساڵان لە(٢٠٠٤-٢٠١٠) کارەکانی بنکەکەی خۆبەخشانەوسەرکەوتوانە بەڕێوەبرد.

لەحوزەیرانی ٢٠٠٤وە بنکەکەمان شوێنی کتێبخانەی گشتی تەقتەقی دابینکرد، چونکە کتێبخانەی گشتی تەقتەق ئەوکات بینای تایبەت بەخۆی نەبوو، تاوەکو(٢٠١٣/٧/١٠)ئینجا کتێبخانەی گشتی تەقتەق دوای(٩)ساڵ بینای تایبەت بەخۆی بۆکراو بنکەکەمانی چۆڵکرد.

لەلایەن بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق (سەرکەوت رەسول عەزیز) داوا لەسەرۆکایەتی بنکەکەمان کرا کە بۆماوەیەکی کاتی یارمەتی فەرمانگەی چاودێری کۆمەڵایەتی تەقتەق بدرێت کەبچێتە نێو بینای بنکەکەمان، سەرۆکی بنکەکەمان(وهاب عەزیز رەشید)لەبەر بەرژەوەندی گشتی لەلایەك وکاری خێرخوازی وخۆبەخشانەی بنکەکە ڕەزامەندی دا بۆ ئەوەی فەرمانگەی ناوبراو بچێتە نێو بیناکەو بۆماوەیەکی پێویست بێ بەرامبەر فەرمانگەی چاودێری کۆمەڵایەتی تەقتەق لە(٢٠١٣/٧/١٠)وە تاوەکو نیسانی ٢٠١٥)نزیکەی ساڵێك وشەش مانگ لەبینای بنکەکەمان مایەوە، واتە بینای بنکەکەمان(١١)ساڵ توانی شوێن بۆ دوو فەرمانگەی گشتی و حکومی خێرخوازیانە دابین بکات ئەوانیش(کتێبخانەی گشتی وفەرمانگەی چاودێری کۆمەڵایەتی)بوون.

فەرمانگەی چاودێری کۆمەڵایەتی لەنیسانی ٢٠١٥ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی تەقتەقەوە شوێنی فەرمانگەی دابەشکردنی کارەبای کۆنی تەقتەقی بۆ فەرمانگەی چاودێری کۆمەڵایەتی دابینکردو بنکەکەمان هاوکارییەکی تری فەرمانگەی ناوبراوی کرد بە سپۆنسەرکردنی بۆیاغکردنەوەی فەرمانگەی دابەشکردنی کارەبای کۆنی تەقتەق لەسەر ئەرکی خۆی.

لەماوەی ئەو ١١ساڵەی کە بینای بنکەکەمان بەخشرابووە هەردوو فەرمانگەی ئاماژەپێدراو، پرۆژە خێرخوازییەکەی دکتۆر ڕەئوف واقیع حالانە بەو شێوەیەی خوارەوە راییدەکرا:

یەکەم: لەماوەی نێوان(٢٠٠٤/٥/٩)وە تاوەکو ٢٠١٥/٥/١)بیناکە خۆبەخشانەو بێ بەرامبەر هەردوو فەرمانگەی کتێبخانەی گشتی وچاودێری کۆمەڵایەتی گرتبووەخۆ.

دووەم: زیاتر لە٣/٢ی داهاتی دووکانەکان ڕاستەوخۆ لەمەراسیمی ساڵانەی خەڵاتی دکتۆر ڕەئوف وەك دیاری دەبەخشرایە خوێندکارە سەرکەوتووەکانی قوتابخانەوخوێندنگە بنەڕەتی وئامادەییەکانی ناو شارۆچکەی تەقتەق کەلەماوەی(١٠)خەڵاتی ساڵانەی دکتۆر ڕەئوف دا(٤٢٤)قوتابی وخوێندکار نزیکەی(٩٠)ملیۆن دیناریان پێ بەخشراوە وەك خەڵات.

سێیەم:٣/١ی داهاتی دووکانیش لەسەردەمی هەرسێ سەرۆك بنکەکەوە(دکتۆر ڕەئوف ومامۆستاکاکەخان و وهاب عەزیز)ئاراستەکراوە بۆ یارمەتیدانی مزگەوت وقوتابخانەوکتێبخانەوقوتابی و خوێندکاری هەژارو خەڵکی دەست کورت.

چوارەم: ڕوونکردنەوە سەبارەت بەداهاتی دووکانەکان، دیارە ژمارەی دوکانەکان زانراون(٨)دوکانن، بەگوێرەی بارودۆخی بازاڕ جیاوازی کەوتووە لەکرێی مانگانەی بۆنمونە



سەرەتای بەکرێدانەکە لە ٢٠٠٤ەوە کرێی هەردووکانێك تەنها(٥٠)پەنجا هەزار دیناربووەو داهاتی هەموو ساڵەکە خۆی داوە لە(٤,٨٠٠,٠٠٠)چوارملیۆن وهەشت سەد هەزار دینار، بەگوێرەی جولانی بازاڕو بارودۆخی ئابوری کرێیەکان دەگۆڕان لە(٥٠بۆ ٧٥)ولە(٧٥بۆ ١٠٠)ولە(١٠٠بۆ١٢٥) و دواجار لە(١٢٥بۆ١٥٠)هەزاردینار بۆ هەردووکانێك بەکرێ چووە، هەندێك لەخەڵاتەکانی ساڵانەی دکتۆر ڕەئوف خانەوادەی دکتۆر لەدەرەوەی داهاتی بنکەکە پارەی خۆیان دەخستە خەڵاتەکانەوە، تا دوا خەڵات داهاتی بنکەکە ئێستا لەیەك ساڵدا(١٥)ملیۆن دینارە کە بۆ پرۆژە خۆژینە خێرخوازییەکە خەرج دەکرێت.

وەرچەرخانی بنکەکە لەنیسانی ٢٠١٥ەوە

دوای ئەوەی بینای بنکەکەمان لەنیسانی ٢٠١٥ەوە بەتەواوەتی چۆڵکرا، هەردوو فەرمانگەی بێ بینا چوونە بینای تایبەت بەخۆیان، چونکە بینای بنکەکەمان لەماوەی ئەو(١١)ساڵە ماندوو کرابوو پێویستی بەنۆژەنکردنەوە هەبوو، بۆیە سەرۆکایەتی بنکەی خێرخوازی دکتۆر ڕەئوف بۆ جێبەجێکردنی پەیامی خوالێخۆشبوو دکتۆر ڕەئوف بڕیاری نۆژەنکردنەوەی بۆ بنکەکە دەرکردو بنکەکە لەستافێکی کارا خۆی ڕێکخست ئەمانیش:

| | |
|---|---|
| ١-وەهاب عەزیز رەشید | سەرۆکی بنکە |
| ٢-هەڵات دکتۆر ڕەئوف عەزیز | ئەندامی بنکە |
| ٣-ئاراس عومەر فەتحوڵلا | ئەندامی بنکە |

ستافی بنکەکە دوای ووتووێژو ڕاوێژ بەرنامە ڕێژی بۆ پلانی نوێی خێرخوازی بنکەکە تەریب لەگەڵ پەیامی خوالێخۆشبوو دکتۆر ڕەئوف و کارکردن لەسەر ئەو بنەمایانەی کە دکتۆری خوالێخۆشبوو بنکەکەی لەسەر بونیادنابوو، پشت بەستن بەسیاسەتی خۆژینی بنکەکە لەڕووی داهاتە دیارەکەیەوە پرۆژە خێرخوازییەکە لەخەڵاتی ساڵانەی دکتۆر ڕەئوفەوە بۆ خوێندکارە سەرکەوتووەکانی تەقتەق فراوانکراو(٦)بڕگەی تری پرۆژە خێرخوازییەکە زیادکرا بۆ زیاتر خزمەت گەیاندن بەبواری پەروەردەوفێرکردن لەشارۆچکەی تەقتەق ئەوانیش:

یەکەم: دابینکردنی هۆڵی وانەبێژی لەبنکەکە بۆ:-

١-خولی بەهێزکردنی هاوینەی خوێندکارانی ئامادەییەکانی تەقتەق بەتایبەت بۆ هەردوو وانەی(بیرکاری و زمانی ئینگلیزی) پۆلی دوازدەیەم بێ بەرامبەر.

٢-خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی وەك زمانێکی ستانداردی جیهانی بۆ گەنجان ولاوان و قوتابیان وخوێندکارانی شارۆچکەی تەقتەق.

٣-خولی پیشەیی و هونەری گونجاو لەگەڵ هۆل وشوێنی







ساڵانەی دکتۆر ڕەئوف

بنکەکە.

٤-کارئاسانی بۆ ڕێکخراوە پیشەییە قوتابی و خوێندکارییەکان لەتەقتەق بۆ ئەنجامدانی کاری وانەبێژی لەبنکەکە خۆبەخشانەوبێ بەرامبەر.

٥-ڕێخۆشکردن بۆ مامۆستاوپسپۆرو کادری شارەزای بواری پەروەردەو فێرکردن کەشوێنی وانەبێژی بێ بەرامبەریان بۆ دابینکراوە.

دووەم: دابینکردنی سەنتەری کۆمپیوتەر بەهاوکاری کۆمپانیای ڤێنتیجی ئەندازیاری بۆ:

١-کردنەوەی خولی فێربوونی زانستی کۆمپیوتەر بۆ پۆلی حەوتەم وهەشتەمی بنەڕەتی.

٢-کردنەوەی خولی فێربوونی کۆمپیوتەر بۆ مامۆستایان وفەرمانبەرانی فەرمانگە حکومی و خوێندنگەکانی شارۆچکەی تەقتەق.

سێیەم: دابینکردنی هۆلی خوێندنەوە بۆ:

١-قوتابیان وخوێندکارانی خوێندنگە بنەڕەتی و ئامادەییەکانی تەقتەق.

٢-ئەو مامۆستایانەی خۆبەخشانە وانە بەخوێندکاران دەڵێنەوەو شوێنیان نیە.

چوارەم: وەشاندنی گۆڤارێکی سالانەی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری گشتی بۆ:

١-بلاوکردنەوەی چالاکیەکانی بنکەی خێرخوازی دکتۆر ڕەئوف.

٢-کۆکردنەوەی داتا پەروەردەییەکان و ئاماری سالانەی ژمارەی قوتابی و ساواو خوێندکاری خوێندنگە بنەڕەتی و ئامادەییەکان و باخچەکانی تەقتەق.

٣-دیارخستنی تواناکانی قوتابی و خوێندکارو گەنجانی شارۆچکەی تەقتەق.

٤-خستنەڕووی تواناکان لەبواری هونەری و موزیك وشێوەکاری وکەلتوری و پیشەگەری و تاد.

٥-داتاکانی بەروبومە بەرهەمهاتووەکانی کشتوکاڵی و گەشتیاری و خزمەتگوزاری و تاد.

٦-پێشنیاری زانستی و گونجاو بۆ پێشخستنی شارۆچکەی تەقتەق.

پێنجەم: دابینکردنی کتێبخانەیەکی بچوك بۆ:

١-خوێندکاران وتوێژەرانی تەقتەق تا سوود لەسەرچاوەکانی وەربگرن.

٢-خوێندکاران وقوتابیان تا بتوانن لەئامادەکردن و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکانیان سوودی لێوەربگرن.

٣-قوتابیان وخوێندکاران تاوەکو لایەنی خوێندنەوەیان بەهێز بکەن.

شەشەم: خەلاتی سالانەی دکتۆر ڕەئوف بۆ:-

١-یەکەمی سەر ئاستی تەقتەق لەقۆناغی شەشەمی بنەڕەتیەوە تاوەکو دوازدەیەمی وێژەیی و زانستی لەقوتابخانە بنەڕەتی و خوێندنگە ئامادەییەکانی ناو شارۆچکەی تەقتەق.

٢-پێدانی بڕوانامەی ڕێزلێنان بۆ هەموو ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لەسەر ئاستی قوتابخانەو خوێندنگەکانیان لەپۆلەکانی خۆیان پلەی یەکەم بەدەست دێنن لە پۆلی شەشەمەوە تاوەکو دوازدەیەمی وێژەیی و زانستی .



# سەنتەری کۆمپیوتەری بنکەکە کارەکانی تەواو بووە

بنکەی خێرخوازی دکتۆر ڕەئوف بەسپۆنسەری کۆمپانیای ڤێنتیجی ئەندازیاری و بەهاوکاری پیتەرهامیل و هیوا عەزیز، هەڵسا بەکردنەوەی سەنتەرێکی کۆمپیوتەر بۆبنکەکەمان، بەمەبەستی ڕەخساندنی هەلی فێربوونی زانستی کۆمپیوتەر بۆ خوێندکاران و لاوانی تەقتەق و دەوروبەری.

دوای جێبەجێکردنی پرۆژەکە لەکانونی یەکەمی ٢٠١٤ەوە تا نیسانی ٢٠١٥، دواتر لەڕێوڕەسمێکدا بەئامادەبوونی نوێنەری کۆمپانیای ناوبراو وخانەوادەی خوالێخۆشبوو دکتۆر ڕەئوف و مامۆستاو بەڕێوەبەرو قوتابیانی قوتابخانەی تەقتەقی هاوڕێ ی بنەڕەتی تێکەڵاو لە دەمژمێر ٣:٣٠سێ وسی دەقیقەی پاش نیوەڕۆی ٢٠١٥/٤/١٣سەنتەرەکە کرایەوە.

پیتەرهامیل و هەڵات دکتۆر ڕەئوف سەبارەت بەئەنجامدانی ئەو پرۆژەیە قسەیانکردو بەرنامەکانی بنکەکە لەلایەن هەڵات دکتۆر ڕەئوفەوە بۆ کۆمپانیای ناوبراو ومیوانەکان ڕوونکرایەوە، لەلای خۆشیانەوە کۆمپانیای ڤێنتیجی ئەندازیاری خۆشحاڵبوون بەئەنجامدانی کارێکی لەو شێوەیەو هاوکاریکردنی بنکەی خێرخوازی دکتۆر ڕەئوف.



# لەڕێوڕەسمێکی شایستەدا بنکەی خێرخوازی دکتۆر ڕەئوف بەڕووی خوێندکاران کرایەوە



دوابەدوای نۆژەنکردنەوەو دابینکردنی پێداویستیەکانی بڕگەوبەرنامەکانی پرۆژە خێرخوازییەکەی دکتۆر ڕەئوف، سەرلەبەیانی دەمژمێر١٠ی بەرواری ٢٠١٥/٦/٨ بەئامادەبوونی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی وبەڕێوەبەری قوتابخانەکان و خوێندکارانی خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی قۆناغی بنەڕەتی و نوێنەری خانەوادەی دکتۆر ڕەئوف بەشێوەیەکی ڕەسمی بنکەکەمان لەلایەن(سەرکەوت ڕەسوڵ عەزیز) بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەقی پێشو کرایەوە.

دوای بەخێرهێنانی میوانان ئاراس عومەر بەڕێوەبەری بنکەی خێرخوازی دکتۆر ڕەئوف تیشکی خستە سەرمێژووی بنکەکەو ئەو ژمارەو داتا خێرخوازییانەی کە بنکەکە لەماوەی ١١ساڵی رابردوو ئەنجامیداوە، دواتر پرۆژەو بەرنامەکانی ئایندەی بنکە خێرخوازییەکەی بۆ ئامادەبووان ئاشکرا کرد.

سەرکەوت ڕەسول بەڕێوەبەری ئەوکاتی ناحیەی تەقتەق لە ووتەیەکدا:

ڕۆڵی خوالێخۆشبوو دکتۆر ڕەئوفی بەرزنرخاند لەخزمەتکردنی بواری پەروەردەو فێرکردن، هەروەها ووتی ئەوەی لەتوانای بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی تەقتەق بێت بۆ سەرخستنی پرۆژە خێرخوازییەکەی دکتۆر ڕەئوف ئامادەن بێ درێغیکردن هاوکاری بکەن، تاوەکو سەرمایەدارانی تریش وەك ئەو بیر لەپرۆژەی لەو شێوەیە بکەنەوە.

فەیسەڵ تەللوب سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ووتی:

وێڕای دەستخۆشی کردن لەپرۆژە خێرخوازییەکە، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ خواست و بەکارێکی دەگمەن و ناوازەی ئەژمارکرد بۆ خزمەتکردنی بواری پەروەردەو فێرکردن لەشارۆچکەی تەقتەق.

# خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بۆ قۆناغی بنەڕەتی



بنکەکەمان بەهاوکاری وانەبێژی خۆبەخش(ڕۆژگار ڕەشید خزر)خولێکی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بۆ قۆناغی بنەڕەتی لەپۆلی شەشەمی بنەڕەتی تاوەکو نۆیەمی بنەڕەتی بەشێوازێکی نوێ کردەوە، لەماوەی ٢٣کاتژمێردا وانەکانی کوێگرتن و قسەکردن لەزمانی ئینگلیزیدا خرانە ڕوو.

لەخولەکەدا ٨٠قوتابی قوتابخانە بنەڕەتیەکانی شارۆچکەی تەقتەق لەکچان وکوران بەشداربوون و وانەکان بەیانیان لەدوو کاتی جیاوازدا دەووترانەوە کاتژمێر٩-١٠ی بەیانی بۆ کچان و ١٠-١١ی بەیانی بۆ کوران.

ئامەد ئاراس قوتابییەکی بەشداربووی خولەکە ووتی:

ئەوەی جێگەی خۆشحالیمان بوو وانەکان بەتایبەت کوێگرتنەکە بەداتاشۆ بۆقوتابییەکان دەخرایەڕوو کە ئەمەش کوێگرتن و بینین بوو لە یەك کاتدا بۆ قوتابییەکان و هەروەها توانرا زیاتر لە٣٠٠وشەی زمانی ئینگلیزی لەخولەکە لەلایەن قوتابییەکانەوە لەبەر بکرێت.

خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بۆ قۆناغی بنەڕەتی لە ٧-٦-٢٠١٥ەوە تاوەکو ٧-٧-٢٠١٥ بەردەوام بوو و دواتر بڕوانامەی بەشداربوون درا بە قوتابیانی بەشداربوو.

**-پرۆفایلی وانە بێژ ڕۆژگار ڕەشید خزر**

(ڕۆژگار ڕەشید خزر تەبیب لەدایکبوی ١٩٨٥ی تەقتەق، لەتەمەنی ١٥ساڵیەوە تا٢٠ساڵی لەوڵاتی بەریتانیا پەنابەر بووەوبەشداربووە لە٢کۆرسی زمانی ئینگلیزی لەکۆلێژی ئۆپن دۆری شاری پلیمۆس لەماوەی نێوان ٢٠٠٢-٢٠٠٧)



# خولی زمانی ئینگلیزی بۆ قۆناغی ئامادەیی



لەچوارچێوەی کارە خێرخوازییەکانی بنکەکەمان بەهاوکاری مامۆستای خۆبەخش (شنیار سابیر حەویز) خولێکی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بۆ ئەو خوێندکارانەی کەلەساڵی خوێندنی ٢٠١٤-٢٠١٥ پۆلی یازدەیەمینی زانستی و وێژەییان لە خوێندنگە ئامادەییەکانی تەقتەق تەواوکردووە کرایەوە، کە تێیدا ٣٣خوێندکار بەشداربوون و ماوەی ٢٥کاتژمێر وانەکانی گرامەرو خوێندنەوەو رێزمانی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی پرۆگرامی خوێندنی پۆلی دوازدەیەمی زانستی و وێژەیی بەخوێندکاران ووترایەوە.

هۆزان زرار خوێندکارێکی بەشداربووی خولەکە لەئامادەیی تەقتەقی کچان ووتی:

زۆر سودم لەو خولە بینی و سوپاسی مامۆستا شنیاردەکەم، کە بەڕاستی شێوازی وانە ووتنەوەی سەرنجی خوێندکاران بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، هەروەها ووتی: شوێنی وانەووتنەوەکە واتە هۆڵی بنکەی خێرخوازی دکتۆر رەئوف، هیچ شوێنێك لەچاوی مرۆڤەوە بێ کەموکوری نیە، بەڵام لەچاو شوێنی هەموو خولەکانیتر کەمن تێیدا بەشداربووم، ئەو شوێنە باشترین شوێن بووە لەلام بۆ ووتنەوەی وانەبێژی.

کەیوان لەتیف خوێندکاری ئامادەیی هۆزینی کچان ووتی

خولەکە سوودێکی باشی بۆ ئێمە هەبوو، وەك خوێندکارێکیش سوودێکی زۆرم لێ وەرگرت، مامۆستای خولەکەشمان بەتواناوزیرەك بوو وە دەستخۆشی لەکارگێری بنکەی خێرخوازی دکتۆر رەئوف دەکەم، وە هۆڵی وانەبێژییەکەش کەموکورییەکی ئەوتۆی نیە کەشایانی ئاماژەپێدان بێت.

**پرۆفایلی خۆبەخش شنیار سابیر**

شنیار سابیر حەویز لەدایکبووی ١٩٩٢ی تەقتەق، دەرچووی زمانی ئینگلیزی زانکۆی سلێمانی ٢٠١٣-٢٠١٤،مامۆستا لە دواناوەندی سێگردکانی تێکەڵاو، چالاکوان لەبواری پرسی ژنان وخوێندکاران و ڕاگەیاندن.



# خولی بەهێزکردنی هاوینە

لەدرێژەی ئەو کارانەی بنکەی خێرخوازی دکتۆر ڕەئوف بۆ سەرکەوتنی خوێندکارانی خوێندنگە ئامادەییەکانی شارۆچکەی تەقتەق ئەنجامی دەدات لە٢٢-٧-٢٠١٥ەوە خولێکی بەهێزکردنی بۆ ئەو خوێندکارانە کردەوە کە لەخولی یەکەم لە بابەتەکانی زمانی ئینگلیزی و بیرکاری پۆلی دوازدەیەمی وێژەیی و زانستی دەرنەچوون.

لەخولەکەدا ٨٤خوێندکاری کوڕوکچ بەشداربوون، ٣٨خوێندکاری کوڕو ٤٦خوێندکاری کچ، ماوەی خولەکە تا ٢٠-٨-٢٠١٥ یەکەم ڕۆژی دەست پێکردنی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم بەردەوام بوو.

ڕۆژانە ٤وانە دەوترایەوە لە کاتژمێر ٨ی بەیانی تاوەکو ١٢ی نیوەڕۆ، مامۆستایانی خولەکە هەموویان پسپۆڕو و دەرچووی زانکۆکانی هەرێم بوون لەم بەرێزانە پێکهاتبوون:

مامۆستا محەممەد جەمال سدیق پسپۆڕی زمانی ئینگلیزی لەئامادەیی بروسکی ئێواران و مامۆستا موحەممەد ئازاد عەبدوللا پسپۆڕی بیرکاری لە دواناوەندی سێگردکانی تێکەڵاو و مامۆستا قومری سالح موحەممەد پسپۆڕی بیرکاری لەئامادەیی تەقتەقی کچان و مامۆستا شنیار سابیر حەوێز پسپۆڕی زمانی ئینگلیزی لەدواناوەندی سێگردکانی تێکەڵاو.

گوڵەباغ زاهیر خوێندکاری ئامادەیی تەقتەقی کچان ووتی:

هیوادارم خولی لەو شێوەیە هەر بەردەوام بێت هەروەها خولی زیاتر بکرێتەوە بۆزیاتر گرنگی دان بەبەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندکار.

ژیلوان سامی خوێندکارێکیتری بەشداربووی خولەکە ووتی:

من سوددی تەواوم لەو خولە بینیووە، هیوادارم خوێندکاری تریش وەك من سودی لێ ببینن، هیواشی خواست کە پێویستە نرخی ئەم خولە بزانرێت لەلایەن خوێندکارانەوە کە کاری خێرخوازی بنکەکە کارێکی چەند گەورەیەو ماندوو بون وئەرکی مامۆستاش بەرچاو بگیرێت.



# ئەو خوێندکارانەی لەسەر ئاستی تەقتەق یەکەم بوون بۆ ساڵانەی دکتۆر ڕەئوف دەدوێن

**ئیلاف ئیبراهیم: دایکم ڕۆژانە زۆر یارمەتی دەدام بۆ لەبەرکردنی وانەکان**

**ڕاوێژ قادر: حەزئەکەم ببم بە مامۆستا, چونکە مامۆستای باش و زیرەك زۆر پێویستە لە خوێندنگاکاندا**

**ئەحمەد محەمەد: دەستوخەتم زۆر ناخۆشە, بۆیە شێوازی هەڵبژاردن فریام کەوت**

ئامادەکردنی: شنیار صابر

خوێندکار(**ئیلاف ئیبراهیم حەمەد**)خوێندکاری پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە خوێندنگای قەندیلی بنەڕەتی تێکەڵاو توانی پلەی یەکەم بە دەست بێنێت بە کۆنمرەی(١٠٨٩)و تێکڕای(٩٩)نمرە لەسەر ئاستی سەرجەم خوێندکارانی پۆلی شەشەمی خوێندنگا بنەڕەتیەکانی شارۆچکەی تەق تەق.

(ئیلاف) دەڵێت کە ڕۆژانە زۆر خۆی ماندوو کردووە بە وانەکانیەوەو هەوڵی زۆری داوە و ڕۆژانە( ٥ )کاتژمێر خوێندوویەتی, وە سوپاسی دایك و باوك و مامۆستاکانی ئەکات کە لەگەڵیا ماندوو بوونە, بە تایبەتیش دایکی کە ڕۆژانە زۆر یارمەتی داوە لە وانەکانیدا.

خوێندکار (**ڕاوێـژ قادر حمدامین**) لە خوێندنگای سەرچەمی بنەڕەتی تێکەڵاو لە شارۆچکەی تەق تەق توانی بە کۆنمرەی ٨٨٧ پلەی یەکەم لەسەر ئاستی خوێندکارانی پۆلی نۆیەم لە شارۆچکەی تەق تەق بەدەستبێنێت، ڕاوێژ دەڵێت « پێشەکی سوپاسی خودای گەورە ئەکەم کە یارمەتی دام ئەم سەرکەوتنە بەدەست بێنم, هەروەها سوپاسی ماڵەوەمان و مامۆستاکانم ئەکەم کە هاندەر و پشتیوانم بوون.» ئەو وتیشی « هەندێك لە ئەندامانی تری خێزانەکەم پێش من توانیویانە سەرکەوتنی گەورە بەدەستبێنن لە قۆناغەکانی خوێندن, بۆیە ئەمە وەك هاندەرێك بووە بۆ من تاوەکو هەمان ڕێچکەی ئەوان بگرم»، ڕاوێـژ وەك خۆی ئەڵێت کە لە کاتی دەوامی خوێندنگا ڕۆژانە لە پاڵ دەوامکردن و خوێندنی وانەکانی, هاوکاری براکانیشی کردووە لە بەڕێوەبردنی کاروباری دوکاندا.

ڕاوێژ ئەڵێت ئەو ڕۆژانە وانەکانی خوێندووە و ئەرکەکانی جێبەجێ کردووە و نزیکەی چوار کاتژمێر خوێندوویەتی, ئەمەش یارمەتیدەرێکی تر بووە بۆ ئەو تاوەکو وانەکانی لەسەر کۆنەبێتەوە.

(ڕاوێژ) ئەڵێ کە ئەوان لە خوێندنگاکەیاندا کێشەی نەبوونی مامۆستای پسپۆڕیان نەبووە, بەڵام لە ڕووی بیناوە کێشەیان هەبووە, هەروەها نەبوونی گۆڕەپانێکی گونجاوی وەرزش و نەبوونی هۆڵی کۆمپیوتەر و تاقیگەی زانستی, چونکە بە بۆچوونی (ڕاوێژ) بوونی تاقیگەی

زانستی و خوێندنی وانە زانستیەکان بە شێوەیەکی کرداری وا ئەکات کە خوێندکار بە شێوەیەکی باشتر لە بابەتەکان تێبگات, بۆیە ئەو پەیامی بۆ وەزارەتی پەروەردە ئەوەیە کە بایەخی زیاتر بە بینای خوێندنگاکان و فەراهەم کردنی تاقیگەی زانستی و کەلوپەلەکان بدرێت.

هەریەك لە (ڕاوێژ) و (ئیلاف) گلەییان هەیە سەبارەت بە فەرامۆشکردنی وانەکانی وەکو هونەر و مۆسیقا و وێنە و وەرزش, چونکە باوەڕیان وایە خوێندنی ئەو وانانە کاریگەریەکی باش لەسەر مێشك و لایەنی دەروونی خوێندکاران بەجێدەهێڵێت, وە بە پێچەوانەشەوە.

سەبارەت بەوەی کە حەزئەکەن لە دوارۆژدا ببن بەچی؟ (ڕاوێژ) وتی « حەزئەکەم ببم بە پزیشك» .

بەڵام (ئیلاف) بە پێچەوانەی (ڕاوێژ) و زۆر خوێندکاری ترەوە ئەڵێت « من حەزئەکەم ببم بە مامۆستا, چونکە کۆمەڵگا تەنها پێویستی بە دکتۆر و ئەندازیار نیە و پێویستی بە مامۆستاش هەیە, جگە لەوەش بوونی مامۆستای باش و زیرەك زۆر پێویستە لە خوێندنگاکاندا.»

خوێندکار (**ئەحمەد محەمەد حسن**) لە خوێندنگای ئامادەیی تەق تەقی کوڕان

توانی پلەی یەکەم بە دەست بێنێت بە کۆنمرەی (٦٨٠) و تێکڕای(٩٧,١٤) نمرە لەسەر ئاستی سەرجەم خوێندکارانی پۆلی دوانزەیەمی ئامادەیی لە سەرجەم خوێندنگا ئامادەییەکانی شارۆچکەی تەق تەق.

(ئەحمەد) ئەڵی کە ڕۆژانە نزیکەی حەوت کاتژمێر خوێندوویەتی و جار بە جاریش پشووی وەرگرتووە, ئەشڵێ « هەندێك مریشکی کوردی و پەلەوەری چین و ماچینمان هەیە, ڕۆژانە لە کاتی پشووەکانمدا ئەچوومە لایان.»

(ئەحمەد) لە خێزانێکی هەشت کەسیدا دەژیت و وەکو خۆی ئاماژەی پێئەکات دایك و باوکی نەخوێندەوارن.

سەبارەت بە ئەدای مامۆستاکانی و دۆستایەتی (ئەحمەد) لەگەڵیاندا, (ئەحمەد) ئەڵێت

« لە مامۆستاکانم ڕازی بووم و دۆستایەتیشم بە گوێرەی پێویست باش بوو لەگەڵیاندا»

هەریەك لە (ڕاوێژ) و (ئەحمەد) پێیان وایە کە شێوازی هەڵبژاردن کاریگەریەکی باشی هەبووە بۆ ئەوان, (ڕاوێژ) پێی وایە کە ئەم شێوازە بۆ تێگەیشتن و وەبیرهاتنەوەی بابەتەکان باشترە و (ئەحمەد) یش ئەڵێت « دەستوخەتم زۆر ناخۆشە, بۆیە شێوازی هەڵبژاردن لەو ڕووەوە بۆ من زۆرباش بوو و فریام کەوت.»



**ئیلاف ئیبراهیم حەمەد**



**ڕاوێژ قادر حەمامین**



**ئەحمەد محەمەد حسن**

# پەروەردەوفێرکردن
# هاوتەریب و هاو ئاڕاستە؟!



فاتح بێلان

ئاشكراو روونه كه چەمكی پەروەردەو چەمكی فێركردن، دوو چەمكی لەواتا لێك جیاوازن، لەهەمان كاتیشدا زۆر پەیوەست و بەیەكەوە گرێدراون وتەواوكاری یەكترن(سەرخان وژێرخان)ن، لەیەكتر جیاكردنەوەیان بەتەنیاو پەیوەست بوونیشیان بەتەنیا واتای تایبەتی خۆیان دەگەیەنن؟!

پەروەردە بەتەنیا زیاتر بەواتا گشتیەكەی لایەنی رەوشتی ورەفتاری دەگەیەنێ، هەرچەندە كەگوتراوەو دەگوترێ و راستە خێزان قوتابخانەی یەكەمی مرۆڤە، كە تیایدا پەروەردەیەكی رەوشتیانەو رەفتاریانە دەدا بەخێزان زادەكان، بەگوێرەی تێگەیشتنە جیاوازەكانیان بەپلەی یەكەمیش(دایك وباوك).

لەپەروەردە كردنیشدا دوو جۆر پەروەردە هەیە:

یەكەم جۆری پەروەردە: پەروەردەی كۆمەڵایەتیانەی رەمەكی یە، مەزندەی خێزان لەمجۆرە پەروەردە باڵادەستە لەقاڵبی داب ونەریتە كۆمەڵایەتیە باوەرپێكراوەكان كە ئەمانەش جۆراوجۆرن تا لەناو خودی كۆمەڵگەیەكی دیاریكراویشدا جیاوازی لەسەر بابەتە رەوشتی و رەفتارییەكان كە لەخێزانەوە سەرچاوەیان گرتووەو وەچە بە وەچە گەیەنراون و دەگەیەنرێن بە وەچەكانی دواتر، ئەمەش تاوەكو ئێستا لەناو هەموو كۆمەڵگاكاندا ماون وكاریگەری خۆیان هەیە لەسەر دروستكردنی كەسایەتی و شێوە رەفتار و رەوشتی تاكەكانی كۆمەڵگا و كارو كاردانەوەی خۆیان هەیە، هەرچەندەش لەگەڵ پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا و تێكشكانی كۆت وبەست وسنوربەندیەكانی كۆمەڵگاكانی دنیادا و لەگەڵ هەناسەكانی زەمەندا، كاریگەری وپەیرەوكردنی داب ونەریت لەسەر تاكەكان و كۆمەڵگا جار لەدوای جارو هەناسە لەدوای هەناسە كاڵ وكاڵتر بۆتەوە و دەبێتەوە، هەر وەكو چۆن پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكانی تریش بەگشتی لەپێناو هەڵپەكردن بۆ ویستە زۆرو زەوەندەكانی خۆپڕداراییی كردن و خۆپرخۆش گوزەرانی كردن و تاد، جار لەدوای جارو هەناسە لەدوای هەناسەی زەمەنەكانی ژیان كاڵ وكاڵتر بۆتەوەو دەبێتەوە.

دووەم جۆری پەروەردەش ئەمەیان پەروەردەیەكی زانستیانەیە:

ئەم جۆرەیان هەمان شت پەروەردەیەكی رەوشتیانە ورەفتاریانەیە، بەڵام بەشێوەیەكی ئەكادیمیانە و هەڵێنجراو لەسەر بنەمایەكی راستەرێ تر لەجۆری یەكەم و هەروەها گشتگیرتر وتوانستدارانەتر، جیاتر لەوەی پێشوتر، هەروەها بابەتیانە تریش خزینە ناو بابەتە رەوشتی و رەفتاریەكان لەرێگای مامۆستای پیسپۆری كۆمەڵایەتیەوە لەمەنهەجە رۆشنبیری وكۆمەڵایەتیەكانەوە دەگەیەنرێ بەخوێندكاران لەسەر مرۆڤ بینی و ژیان بینی و گیانی نەتەوەخوازی و لێبوردن وبنەماكانی شارستانیەت و خۆشەویستی تاك وكۆ و چۆنیەتی ئاراستەكردنی هەنگاوەكان بەرەو روانینە ئاسۆكانی ژیان و كۆكردنەوەی هەموو چەمكەكانی مرۆڤ بوون لە یەك رستەو دەستەواژەی مانادا(مرۆڤ بوون لەپێناوی مرۆڤایەتی دا).

بەڵام چەمكی فێركردن بەتەنیا گەیاندنی بابەتە دارێژراوە مەنهەجیەكانە، بەسەرچاوەو پەراوێز گەلێكی چەمك و واتا جۆربەجۆر فرە رەهەندەكانی بابەتە زانستی و كۆمەڵایەتیەكان لەقۆناغ وئاستە جیاوازەكانی پرۆسەی خوێندن بە لەبەرچاوگرتنی پێداویستیە هەنكوییەكان و سەردەم خوازییەكان واتە(هەڵكشانی ئاستەكانی خوێندن وبەگوێرەی هەڵكشانی پێشكەوتن ودنیا بینی).

لێرەدا مەبەستی سەرەكی ئەم نوسینەم دەگەیەنم ئەویش ئەوەیە لەدەرەوەی خوێندنگە نەبێ، پەروەردەو فێركردن نابێ لەیەكتر جیابكرێنەوە، یان هەردوو كیان لەناو یەكێكیاندا بتاخێنرێ وەك ئەوەی لەلای ئێمە لەجیاتی پەروەردەو فێركردن تەنیا لەپرۆسەی خوێندندا پەروەردە بەرچاوگیراوە(لە وەزارەتی پەروەردە؟!... بەرێوەبەرایەتی پەروەردە؟!)، ئێمە دەبێ پەروەردەو فێركردن بەیەكەوە گرێ بدەین نەك پەروەردە بەتەنیا یان فێركردن بەتەنیا؟! دەبێ پەروەردەو فێركردن هاوتەریب وهاوئاراستە بن بەیەكەوە؟!.

# دکتۆر ڕەئوف خەمخۆری پەروەردەو خوێندن



**یوسف حسن حسین**
**سەرپەرشتیاری کاگێڕی لە پەروەردەی کۆیە**

زۆرن ئەوکەسانەی کەدەست ڕۆیشتوو وسەرمایەدارن بەڵام بەدرێژایی تەمەنیان جورئەت ناکەن کەمێك لە سەرمایەکانیان لە خزمەتی خەڵکی کەمدەرامەت وهەژاردا وەیان لە خزمەتی پڕۆسەی پەروەردە و خوێندندا بەگەڕ بخەن, بەڵام زۆر دەگمەنن ئەو کەسانەی کە بتوانن لە ڕێگەی سەرفکردنی بڕێك لە سەرمایەکانیان وە یان بەپشتگیری کردن وپشتیوانیکردنی چینی ڕۆشنبیر وخوێندەوار بتوانن کەمێك لەخەمی چینی هەژارکەم بکەنەوە وەیان هاندەریان بن بۆ بەرەو پێش بردنی ڕەوتی خوێندن و خوێندەواری.

ئەوەندەی من لەسەر ژیان و ڕابردووی کۆچکردوو(دکتۆر ڕەئوف کوڕی کوێخا عەزیزی تەق تەق)خوێندومەتەوە وە یان زانیاریم هەیە زۆر دەگمەنە کەسێکی خێرخوازی لەم شێوەیە خەمخۆری خوێندکاران ورۆشنبیران و خەڵکی کەم دەرامەت و بە تایبەت خوێندکارانی ئاست بەرز وسەرکەوتوو بێت، بەشێوەیەك خۆی تا لەژیاندا مابێت چەندین کاری خێرخوازی ئەنجام بدات بە تایبەتی پشتیوانی کردن و هاندانی خوێندکارانی سەرکەوتوو وکەم دەرامەت, بەڕاستی هەڵوێستێکی پەروەردەییانە ومرۆڤانەی مەزنەکە لە شارۆچکەیەکی دڵ ڕفێنی وەك «تەق تەقی دەم زێی بچوك» مرۆڤێك کە لە خانەوادەیەکی کوێخازادەیی هەڵبکەوێت وبتوانێت گشت قۆناغەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی ببڕێت بە جۆرێك کە لە ساڵی «١٩٧٩» بڕوانامەی دکتۆرا لە دەرەوەی وڵات بە دەست بهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناوبراو بەدەر نەبێت لە خەم ونەهامەتیەکانی گەل وناوچەکەی، وە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بێت کاری خێرخوازی ئەنجام بدات وبە جۆرێك بۆ هەتا هەتایە ناوی لە مێژودا بمێنێ.

دکتۆر ڕەئوف تا لەژیاندا مابوو توانی چەندین کاری خێرخوازی مەزن ئەنجام بدات لە گرنگترینیان دروست کردنی باڵەخانەیەك کە پێك هاتوە لەکتێبخانەیەك وچەند دوکانێك بە جۆرێك کە داهاتەکەی لەخزمەتی بەرەو پێش بردنی پڕۆسەی پەروەدە وخوێندندا سەرف بکرێت کە ساڵانە لە مەراسیمێکدا گشت خوێندکارە سەرکەوتوەکانی خوێندنگاکانی تەقتەق بە دابینکردنی دیاری بۆیان بەسەردەکرێنەو هاندەرێن بۆ سەرکەوتنی گەورەترو زیاترو بەشێکیشی بۆ دەست بارگرتنی خوێندکاری کەم دەرامەت سەرف دەکرێت, هەروەها جێگای خۆیەتی دەست خۆشی لە بنەماڵەی کۆچکردوو وستافی بەڕێوەبردنی بنکەی خێرخوازی «دکتۆر ڕەئوف» بکرێت لە پای بەردەوامی بە کارە خێرخوازیەکانی لە ناوچەکە بە تایبەت لە ناو شاری تەق تەق.

وەئێمەش وەك پسپۆڕانی بواری پەروەردە لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە، لە شارۆچکەی تەقتەق خوێندنگایەکمان بۆساڵی خوێندنی ٢٠١٥-٢٠١٦ وەك ڕێزلێنان ووەفایەك لەکارەخێرخوازییە پەروەردەییەکانی خوالێخۆشبوو بەناوی «دکتۆر ڕەئوف» کردۆتەوە، بۆ ئەوەی هەتا هەتایە ناوی بمێنێ لە ناو پڕۆسەی پەروەردە و خوێندن.

لە کۆتایدا لە یەزدانی مەزن داواکارین کە گیانی دکتۆر ڕەئوف بە بەهەشتی بەرین شاد بوبێت، سەرکەوتن و دەست خۆشیش بۆ بنەماڵەی کۆچکردوو وستافی بنکەی خێرخوازی دکتۆر ڕەئوف بە تایبەت مامۆستا(ئاراس ئیلنجاغی)کە دەرفەتی ئەو چەند وشەیەی بۆ ڕەخساندم بە هیوای بەردەوام بوون لە کاری خێرخوازی بە تایبەت لە ڕێگای کردنەوەی خول بۆ خوێندکاران لە بواری جیا جیادا.

# خوێندنی کوردی، قوتابی فێری (حینجە)کردن و خوێندنەوەی بڕگەو وشە ناکات، تەنها سەیری وێنەکە دەکات و وشەکە لەبەر دەکات



**عەدنان عومەر سێگردکانی**
**مامۆستای قوتابخانەی سۆرانی سەرەتایی**
**تێکەڵاو لەشارۆچکەی پردێ**

ئەگەر چاوێك بە مێژووی (ئەلفبێ)ی گەلان بەگشتی و(ئەلفبێ)ی زمانی کوردی بخشێنین، دەبینین مێژوونوسان سەرچاوەی سەرهەڵدانی هێماکانی نووسین دەگێڕنەوە بۆئەو وێنە وشێوانەی کەلە سەر دیواری سەر ئە شکەوتەکان کێشراون وهەر وێنەیەك ئاماژە بووە بۆ بیرێکی خاوەنەکەی، پاشان گۆڕاوە بۆجوانکاری سەر دیواری پەرستگاوگۆڕەکان کە بە زۆری دانیشتوانی (میزۆپۆتامیاو دۆڵی نیل)بەکاریان هێناوە، هەندێك لە مێژوونوسان سەرچاوەی سەرهەڵدانی(ئەلفبێ)ی عەرەبی دەگێڕنەوە بۆ(٧٥٠٠-٧٠٠٠) ساڵ پێش زایین، کەلە وولاتی(یەمەن) سەری هەڵداوە، دانیشتوانەکەی کۆمەڵ کۆمەڵ کۆچیان بەرەوە باکور کردووە، لەپێشدا (ئەکەدییەکان)و (ئاشوورییەکان) پاشان (سۆمەریەکان)و (بابلیەکان) ڕوویان کردۆتە وولاتی عێراقی ئەمڕۆ، لە نزیك شاری(حللە) نزیکەی(٣٠٠٠) ساڵ پ.ز. لەوێ نیشتەجێ بوون و (ئەلفبێ)یەکیان بۆخۆیان دانا کە بەختی مێخی(بزماری) دەنووسرا.

(کەنعانیەکان)و(فینیقیەکانیش) ڕوویان کردۆتە(دۆڵی نیل) لەسەر لێواری دەریای ناوەڕاست،کەبە (میسریەکان) ناسران، نووسینی(هێرۆغلۆفی)یان بەکاریان دەهێنا کە بریتی بوو لە(٥٠٠)وێنەو لەهەر چوارلایەوە دەخوێنرایەوە. ئەگەر بمانەوێت ئەو (ئەلفبێ) یانەی لەسەر ئەم ئەستێرە گەشەی زەمینە هاتوونەتە بوون وبەکارهاتوون بژمێرین ڕەنگە ژمارەیان بگاتە (١٠٠) جۆر (ئەلفبێ)، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم و سەرنجی خۆمی لەسەر بخەمەڕوو ئەوەیە کە لەساڵی ٢٠١٤حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرپەرشتی لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا کتێبێکی(ئەلفبێ)ی بەناوی(خوێندنی کوردی) بەدوو وەرز بۆ منداڵانی هەرێمی کوردستان دانا، هێشتا خوێندنی ساڵی ٢٠١٣-٢٠١٤مابوو پەرتوکەکە تەواوکراو لەکۆبونەوەیەکی بەرفراوانی وەزارەتی پەروەردەدا لەبەردەستی کۆمەڵێك سەرپەرشتیاران ومامۆستایان دانرا، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی


پەرتوکەکە کەئایا بۆ خوێندن دەست دەدات یاخود نا؟ سەرەتا لەهەندێك لەقوتابخانەکانی شارەکانی هەولێرو سلێمانی بلاوکرایەوەوەك‌وانەیەکی ئەزمونی تاقیکرایەوە، لەکەرکوکیش لەچوار قوتابخانەدا تاقیکرایەوە بەدڵی هەندێك لەمامۆستایان وسەرپەرشتیاران بوو، لەئەنجامدا لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام وچاپەمەنیەکان پەرتوکەکە بەتیراژی(١٣٦٣٤٣)دانەی لێ بەچاپ گەیەنرا بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٤-٢٠١٥و بەسەر هەموو قوتابخانەکانی هەرێمدا سەپێنرا، هەردوو پەرتوکی ئەلفبێ ی مامۆستایان ئیبراهیم ئەمین باڵدار لەهەولێرو عەبدوڵلا محەمەد ئەمین لەسلێمانی لادرا.

## بەووردی سەیری لاپەرەکانی بکە

ئەگەر بەووردی سەیری لاپەرەکانی ئەم دوو پەرتوکە بکەین بەهەردوو وەرزەکەیەوە کۆمەڵێك سەرنج وتێبینیمان بۆ دروست دەبێت، ئەمە سەرەرای ئەوەی هەموو چالاکیەکان هەر لەسەر پەرتوکەکە ئەنجام دەدرێن وەك چالاکی خوێندنەوەو نوسین ورەنگکردن ئەمەش قوتابیانی دوورخستۆتەوە لەبەکارهێنانی دەفتەر، دەبینین ئەم پەرتووکە بەکەڵکی ئەوە نامێنێت بۆ ساڵی ئایندە لەبەردەستی قوتابی دابنرێت، دەبێت ساڵانە برەپارەیەکی زۆرلەبودجەی حکومەتی هەرێم بۆ لەچاپدانی ئەم پەرتوکە تەرخان بکرێت وپێش دەست پێکردنی ساڵی تازەی خوێندن بگەیەنرێتە سەرجەم قوتابخانەکان، ئەگینا دواکەوتنی پەرتوکەکە زیان بەمامۆستایان وقوتابیانی پۆلی یەکەم دەگەیەنێت.

## وەرزی یەکەمی پەرتوکەکە

کە لە(١٩٤)لاپەرە پێکدێت لە(٢٠)وانەو(٩) هۆنراوەی پەروەردەیی پێکدێت، هەر وانەیە و بۆ پیتێکی تایبەتی وەردەگیرێت بەهەمان شێوەی پەرتوکە ئەلفبێیەکەی مامۆستا عەبدوڵلامحەمەدئەمین بۆ پیتە دوو شێوەکانیش یەك وانەی داناوە، لەلاپەرە(٥)ی پەرتوکەکە، کە یەکەم لاپەرەی خوێندنە هۆنراوەیەکی پەروەردەییە بەناوی(پەرتوك)کە قوتابیان فێردەکات چۆن ئاگایان لەپەرتوکەکانیان بێت، لەپاشان تا لاپەرە(١٦) وێنەی جۆراوجۆرن وبۆ پەروەردەکردنی قوتابیان وناسینی کەل وپەلی دەوروبەریان، لەلاپەرە(١٧)هۆنراوەیەکی تری پەروەردەیی هەیە بەناوی(سمۆرە) کە مەبەست لێی ناسینی کەسایەتی سەرەکی پەرتوکەکەیە، پاشان چۆنیەتی قەڵەم گرتن وگرتن وتۆخکردنەوەی هەندێك شێوەی زۆر سادەو رەنگکردنی ئالای وولات، پاشان تاکۆتایی پەرتوکەکە(٢٠)وانەی جیاوازو(٩)هۆنراوەکە دێت بەسەرجەم چالاکییەکانی هەر وانەیەك لەوانەکان کە زۆربەی هەرە زۆری چالاکیەکان هەر لەسەرەتای پەرتوکەکەوە تا کۆتایی وەرزی دووەم دووبارەن، بەمەش قوتابیان ومامۆستایان بەو هەموو دووبارەکردنەوەیە توشی بێزاریەکی زۆر دەبن، وەك چالاکییەکانی( ببینەوبلێ، رەنگکردنی بازنەی ژێر وێنەکان، جیاکردنەوەی پیت لە وشە، ووشە کردنە ناو بازنە، پیت کردنە ناو بازنە، خوێندنەوەی پیتی وەرگیراو بەجیا، بیرخستنەوەی پیتە وەرگیراوەکانی پێشتر، تۆخکردنەوەی پیت وبرگەو وشە) ئەمە وا لەقوتابیان دەکات تەنها سەرنجی پیتی وەرگیراو بدەن لەناو وشەدا و قوتابی فێری(حینجە)کردن وخوێندنەوەی برگەو وشە ناکات، تەنها سەیری وێنەکە دەکات و وشەکە لەبەر دەکات.



### وەرزی دووەمی پەرتوکەکە

پێکهاتووە لە(١٢٤)لاپەڕە کەلە(١٢)وانەو(٣) هۆنراوەی پەروەردەیی، سەرەڕای ئەوەی پەرتوکەکە بەهەردوو وەرزەکەیەوە هەمووی هەرچالاکیەو ژمارەیەکی یەکجار کەم دەقی تێدایە کە ئەویش بۆ خوێندنەوەیەکی سەرپێی یە، هیچ نوسینەوەو ڕێنوسێکی لێناکرێت، ڕێنوسەکەش تەنها ڕێنوسی بینراوەو هەر لەسەر پەرتوکەکە ئەنجام دەدرێت، کۆتایی هەردوو پەرتوکەکەش دوو سێ لاپەڕەی فەرهەنگۆك ئامادەکراوە بۆ مامۆستا بۆ ئەو وشانەی ناو پەرتوکەکە و ڕوونکردنەوەی بەهەرچوار شێوەزاری(ژوورو، ناوەڕاست، خواروو، گۆران) پاشان ناوەڕۆکی پەرتوکەکان دێت.

### ناوی پەرتوکەکە، تاکۆتایی وەرزی دووەمی بگۆڕدرێت

لێرەدا داواکارم لەوەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یان پەرتوکە(ئەلفبێ)یەکانی مامۆستایان(ئیبراهیم باڵدارو عەبدوڵلا محەمەدئەمین) بەدەستکاریکردن وزیادکردنی چالاکی گونجاوەوە کەلەسەر پەرتوکەکە ئەنجام نەدرێت لەچاپ بدرێتەوە، یاخود ئەم پەرتوکە هەر لەناوی پەرتوکەکە تا لاپەڕەی کۆتایی وەرزی دووەم گۆڕانکاری بەسەردا بکرێت ئینجا لەچاپ بدرێتەوە ولەبەردەستی قوتابیان دابنرێت چونکە ناوی پەرتوکەکە کەوشەی(خوێندنی کوردی) ە، کە بەزمانی عەرەبی واتەی(الدراسه الكرديه)دێت، هیچ پەیوەندیەکی بەفێربونی پیتەکانی زمانی کوردیەوە نیە، خۆزگە لەبری ئەو ناوە، ناوی(فێربونی پیتەکان بۆ خوێندن ونوسینی زمانی کوردی)بووایە، چونکە ئەو شوێنەی کەمن لێی مامۆستام قوتابخانەیەکە لەشارۆچکەی(پردێ)ی سەر بەپارێزگای کەرکوکی ئازادکراوە کەچەندین ساڵ بوو خوێندن ونوسینی زمانی کوردی تێدا قەدەغەبوو، ئەمرۆش کە هەر بەهۆی ئەو کەم وکوریە زۆرانەیە لە پەرتوکەکانی خوێندنی زمانی کوردی کە نەك هەر منالانی عەرەب و تورکمان ڕووناکەنە قوتابخانە کوردیەکان بەڵکو زۆرێك لەخێزانی کوردیش لەناو شاری کەرکوك وشارۆچکەکانی دەوروبەری هەر لەسەرەتای پرۆسەی ئازادیەوە تا ئەمرۆش منداڵەکانیان دەبنە قوتابخانە عەرەبیەکان و بەدەستی خۆیان منداڵ ونەوەکانیان بەعەرەب دەکەن، ئەمەش بەبیانووی ئەوەی یان فێری زمانی عەرەبی باشتر دەبن یان بەهۆی کەم وکوڕی لەپەرتوك و قەوارە گەورەیی هەندێك لەپەرتوکەکان کە قوتابیان توانای هەڵگرتنی جانتاکانیان نییە، یانیش لەبەر ئەوەی دوای تەواوکردنی خوێندن لەزانکۆو پەیمانگاکانی کەرکو ڕۆڵەکانیان لەشارەکانی هەولێرو سلێمانی لەهیچ دامودەزگایەك وەرناگیرێن ودان بەبڕوانامەکانیان نانرێت لەهەرێم، لەکۆتاییدا هیوادارم هەموو ئەو کێشانە چارەسەربکرێن.

# با دیدی خەڵکی ناو زانکۆ و دەرەوەی زانکۆکان بگۆڕین



د. وەلی مەحمود حەمەد
سەرۆکی زانکۆی کۆیە

مەبەستی من لـەم بابەتە ئەوەیەکە دیدوبۆچوون لەسەرزانکۆکان بگۆڕین، چونکە من گەیشتومە ئەو ڕاستیەی ئەگەرئەم حاڵەتەی ئێستا بەردەوام بێت زیانی گەورە بەزانکۆ وئاستی زانکۆکان دەگات، خوێنەری خۆشەویست ئەوەی لەم بابەتەدا دەیخوێنیەوە تەنیا زانکۆ حکومیەکان دەگرێتەوە، چونکە قسەکردن لەسەر زانکۆ تایبەتی و ئەهلیەکان بابەتێکی ترە.

لەتایتڵی ئەم بابەتە دیـارە خەڵکم کـردوە بە (٢) بەش ناوزانکۆ ودەرەوەی زانکۆ، خەڵکی زانکۆ بریتین لە مامۆستا وفەرمانبەر وخوێندکار بەپێ ی یاسا وعورفی هەموو دونیا مامۆستا وفەرمانبەر موچە ودەرماڵە و تەواوی پێداویستی ژیانیان لەسەر ئەوکارەیە کەزانکۆ پێیان رادەسپێرێت(وەهەندێك لەوانەش بەرپرسە زانستی وکارگێری ودارایيەکانی زانکۆکانن)، وەخوێندکاریش ئەوکەسانەن کە لە زانکۆدا هەن بەمەبەستی وەرگرتنی بروانامە و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و توانست لەوێن، دێمە سەر مەبەستی سەرەکی خۆم لەم بابەتە چۆن دیدی ئەم خەڵکەی ناوزانکۆ بگۆردرێت وەیاخود چی دەبێت بگۆردرێت وە چۆن کاری لەسەر بکرێت .

وەك هەمومان سالآنێکە ئـاگـاداری بـەردەوامـی بەرزبونەوەی گرفتی دارایی وزانستی وکارگێری زانکۆکانین بۆیە دەبێت لە خاڵێك (stop) بەوبابەتە بکرێت، چونکە بەردەوامی ئەم بابەتە زیانی گەورە دەگەیەنێ بە ئاست وناو وناوبانگی زانکۆکان، دەبێ لە مەودوا چیتر زانکۆ وەك (شوێنی ئیمتیاز وپارەو ارتزاق) سەیر نەکرێت وئەو پارە وئیمکانیەتەی کەتیایدا خەرج دەکرێت دەبێ بایی بەرهەم هێنانی زانست وزانیاری وتوانست بێ و کۆمەڵگا دواتر سودی گەورەی لێ ببینێ، خەڵکی ناو زانکۆ(مامۆستا وفەرمانبەر) خۆتەرخانکراوی تایبەتین بۆکارەکانی زانکۆو لەئاست ئەوەن کەبۆیان دانراوەودیاریکراوە، چونکە هەر

مامۆستایەکی زانکۆ(١٠٠%)دەرماڵەی خۆتەرخانکردن وەردەگرێت و سەرجەم(کارگێری وهونەریەکان (٧٥% -١٠٠%) دەرماڵەی خۆتەرخانکردنی زانکۆیی)وەردەگرن.

هەروەها خوێندکارانیش دەبێ بیرۆکەی تەنها وەرگرتنی بڕوانامە لە مێشکیان دەربکەن، چونکە هەم خۆیان زیان دەکەن هەم خودی زانکۆکان وەکۆمەڵگاش بەگشتی، ساڵانە سەرجەم خەرجیەکانی حکومەت لە زانکۆکان (کە پارەی گشتی خەڵکە)چ ئەوەی بۆ مامۆستا و فەرمانبەر و باڵەخانە و کەل و پەل و........هتد خەرج دەکریت وە چ ئەوەی ڕاستەوخۆ لە بەشی ناوخۆیی و پێویستیەکانی دەرماڵەی خوێندکارانە ساڵانە ( ٢٨٠ تا ٣٠٠$ ملیۆن دۆلار)ی ئەمریکی زیاترە ئەمە جگە لەو پارانەی لە خودی وەزارەتیش سەرف دەکرێ و لە پرۆسەی تواناسازی خەرج دەکرێت، بۆیە نابێ چیتر زانکۆ وەك شوێنی پارە وداهات وشوێن کردنەوەی خەڵکی بێکار وتەنها بە دەست هێنانی بڕوانامە و خۆنمایش کردنی خوێندکاران بە کار بێت (پێویستە خەڵکی ناو زانکۆ ئەم ڕاستیانە بزانن دید ورەفتاریان بگۆڕن) دواتر دێمە سەرخەڵکی دەرەوەی زانکۆ، لەم لایەنەوە مەبەستم هەموو خەڵکە بەگشتی دەبێ لە دەرەوەی زانکۆش نەکرێت بەوەی: .

١-دەبێ هەموو خەرجیەکانی زانکۆ حکومەت بیدات .

٢-دەبێ هەموو باڵەخانە و کەلوپەل و پێداویستیەکانی لەلایەن حکومەتەوە دابین بکرێت .

٣- دەبێ هەموو کەس ڕووی تێ بکات بۆ بەدەست هێنانی پارە و پول و پلە و پایە .

٤-دەبێ شوێنی هەموو خوێندکارێك ببێتەوە و خەڵك وەك شوێنی بڕوانامە و خۆنمایش کردن بەکاری بێنێت.

٥-ڕێکخراوە خێرخوازیەکان(ڕێکخراوە کۆمەڵگا مەدەنیەکان) ڕێکخراوەکانی خوێندکاران وقوتابیان نابێ چیتر چاویان لەوەبێت کە زانکۆکان هاوکاری ماددی ئەوان بکەن و گرفتە داراییەکانیان بەزانکۆکان چارەسەر بکەن، دەکرێت گرفتە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان بەزانکۆکان چارەسەر بکەن، بەڵام پارە و پول و خەرجیەکان بدرێت بەزانکۆکان .

٦-بەڵێندەر و کۆمپانیا وکارگەکان دەبێ لەمەودوا بۆ گرفتە هونەری وکارگێری وزانستیەکانیان روو لەزانکۆکان بکەن، بەڵام پارەو پول و هاوکاری ماددی بدەن بەزانکۆکان بۆئەنجامدانی ئەم کارانە .

٧-دەبێ لەمەودوا کۆمەڵی کوردەواری چیتر دروستکردنی مزگەوتی پێ کاری خێرخوازی نەبێت، بەڵکو دروستکردنی باڵەخانەیەك، لابۆرێك، بەشەناوخۆیەك، کڕینی چەند ئامێرێك...... هتد بۆ زانکۆکان وەك مزگەوت سەیربکرێت.

٨-دەبێ لەمەودوا هەرچی دەزگا وکۆمپانیا و ڕێکخراو وکەسایەتی دەوڵەمەند (بەخشەر) و حیزب هەیە لەم وڵاتە بیر لەوەبکەنەوە یارمەتی زانکۆکان بدەن و دواتر چاودێری وە لێکۆلینەوەیان لەگەڵ بکەن ئەگەر ئاست و ئەدائیان لەوەچاکتر نەبوو .

٩-واپێویستە بۆ لەمەودوا خەڵك لەزانکۆکان بپرسێت چیتان دەوێ وچیتان پێویستە پێمان بڵێن باکاری لەسەربکەین، خەڵك بڵێن هەردەوڵەمەند و بەڵێندەر و پارەدارێك چ پارەیەك و هاوکاریەك بۆزانکۆکان دەکات دەبێ دەزگاکانی باج لەحکومەت بیان بەخشن و کارئاسانیان بۆبکەن.

١٠-دەبێ خەڵك لەمەودوا بەزانکۆکان بڵێن هۆکار چیە هیچ زانکۆیەك لەریزبەندی زانکۆکانی دونیا ناوی نیە و بۆوا لەخواری خوارێین، دەبێ لەمەودواهەرکەسێك شەرم دایگرێت و جورئەت نەکات هیچ داواکاری بۆ وەرگرتنی کەسێکی نەشیاو لەزانکۆ وەیان داوای دەرچواندن و چاوپۆشی لەهیچ کەسی کەمتەرخەم و کەم توانا نەکات.

لەکۆتاییدا ئەگەر هەردوولا : هەم خەڵکی ناوزانکۆ هەم خەڵکی دەرەوەی زانکۆ دیدی کۆنمان گۆڕی ئەوە زانکۆی پێشکەوتوو وخاوەن بڕوانامەی چاك و وڵاتی ئاوەدانمان دەبێ، بۆیە دەبێ کار بکەین هەموومان لەسەرئەم بابەتە و دیدی خەڵکی ناوزانکۆ لەسەرەتا و دواتر دەرەوەی زانکۆ بگۆڕین.



# ڕۆڵی مامۆستاو خوێندنگا ئاینیەکان دەڤەری تەقتەق

د.جەمال موحەممەد فەقێ ڕەسول باجەلان
زانکۆی کۆیە

ئەگەر بگەڕێینەوە مێژوی کوردستان لەڕووی خوێندن وزانست ورۆشنبیری، ئەبێت ڕۆلی بەرچاوی مامۆستاو خوێندنگە ئاینیەکان لەبەرچاوبگرین و بەرزبنرخێنین، وەئەتوانم بڵێم ئەوەی هەبووە لەمێژووی زاناومێژووی پاشاوشاعیران لەڕووی نوسین وخوێندەواری و تۆمارکردن هەر زانیاریەك و بگرە ئاستی ڕۆشنبیری و بەهای ئەخلاقی بەرزوجوانی ڕەوشت و شارستانی هەموو ئەگەڕێتەوە بۆ ڕۆلی ئەم مامۆستاوحوجرەو سوختەخانانەی کە لەشارولادێکانی کوردستان بەر بلاوبوون، هەتا سالانی چلەکان وپەنجاکانی سەدەی ڕابردوو زۆر لەگەشەدا بوون، دوایی هێدی هێدی ڕۆلی ئەم خوێندنگایانە ڕووی لەکزی کردو ڕۆلی کاریگەری پێشوی کەم بۆوە، بەتایبەت لەساڵی(١٩٦٠) کە عەبدولکەریم قاسم سەرۆك کۆماری عێراقی ئەوسا بوو، چەند سەدکەسێکی لەمەلاو فەقێیەکان کردە مامۆستای سەرەتایی پاشی کردنەوەی خولێکی تایبەت بەوانەوتنەوەو ڕێگاکانی، دوایش بەهۆی گرنگی نەدانی دەولەت بەدوا ڕۆژی دەرچووانی ئەم خوێندنگایانە، ئیتر دەڤەری تەقتەقیش بەدەرنەبوو لەم داکشانەی باسی کراو، بەش بەئاگاداری من هەندێ مامۆستاو خوێندنگەی ئاینی کە ڕۆلی بەرچاویان هەبووە لەڕۆشنبیری وبلاوکردنەوەی زانست وخوێندەواری و بەهای ئەخلاقی بەرز لەدەڤەرەکە ئەم مامۆستاو خوێندنگایانە کە لەم گوندانەی سەربەناحیەی تەقتەق بوون ئەمانەبوون:

یەکەم: مامۆستا مەلا عومەر قەرەناوی لەگوندی گەرمکی تەقتەق و دواتریش جێگیر بووە لە تەقتەق، باوکم لە هەردوو جێگاکە فەقێ بووە لەخزمەتی.

دووەم: مەلا سالحی گەرمکی خوێندنگاکەی لە گوندی گەرمکی تەقتەق بووە.

سێیەم: مەلا سدیق مەلاساڵح گەرمکی، ماوەیەك لەگوندی گەرمك و دوایتریش وەك پێش نوێژو ووتارخوێن و وانەبێژی تەقتەق بوو، بۆ خۆم لەگەڵ چەند خوێندکارێك لە(١٩٦٦-١٩٦٨) ئەمانخوێند لە خزمەتیا.


چوارەم: مەلا عەبدولقادر کەناسراوبوو بە(مەلا قادری ڕەش)، خۆیی و هەر سێ کورەکەی بەناوەکانی(مەلا عەبدوڵلا و مەلا عەبدولرەحمان و عەبدولەجید) بەتایبەت باوکیان زۆر شارەزابوو لەزانستە شەرعیەکان و عەرەبی، وە ئەم شیعرەی خوارەوە لەساڵی ١٩٦٨ بەمنی ووت هی خۆمەو بینوسەوەو ئەزبەری بکە:

وجرد المجرد عما اقتچى
من سبق لقف عامل فيما مچى
پێنجەم: مەلا ڕەمەزان قەرەناوی لەگوندی تاڵەبانی گەورە، باوکم یەکێك بووە لە فێیەکانی.
شەشەم: مەلا موحەممەد ئۆمەر مامیل ئۆمەرگومبەتی هەم لەگوندی تاڵەبانی گەورە.
حەوتەم: دوای ئەو مەلا موحەممەدی فەقێ ڕەسولی باوکم تا ساڵی ١٩٨٠ لەگوندی تاڵەبانی گەورەو دوایی لەمزگەوتەکۆنەکەی تەقتەق بووە ونوسەری ئەم وتارە سەرەتای خوێندن وزانستەشەرعیەکانم لای ئەو خوێندووە.
هەشتەم: مامۆستا شێخ مەلا ئەحمەدی کۆر ئۆمەرگومبەتی، خۆیی و کورەکانی(مەلا موحەممەد نورو مەلا نور موحەممەد وخەلیفە عەبدوڵلا)بەتایبەت(مەلا موحەممەد نور) زۆر مەلای چاك بووە، شیعری کوردی جوانی هەبووە، مۆڵەتی مەلایەتی لەمەلای کۆیەی وەرگرتووە، گوندی ئۆمەرگومبەت تاساڵی شەستەکان هەردەم مامۆستای باش و مەدرەسەی باشیان هەبووە.
نۆیەم: مەلا سدیق عوسمان مەحمود شێخانی لەگوندی ئیلنجاغی گەورە و دواتریش لە سێگردکان هەردەم فەقێ و مەدرەسەی باشی هەبووەو ڕۆڵی باشی گێڕاوە لە دەڤەرەکە.
دەیەم: مەلا سەیید عەبدوڵلا جلبەسەری، مەدرەسەی باشی هەبووە، لەسەرەتای حەفتاکان لە گوندی گردەسۆری سیانان دەوری(٢٠)فەقێی هەبووە، بۆیە ناوی جلبەسەرم نوسی لەبەرئەوەی کاتی خۆی سەربە تەقتەق بوو.

یازدەیەم: مەلا حەمەدەمینی مەلا مستەفای عاسی لەگوندی شیواشۆکی خوارو، مەلای باشبوەو فەقێ و مەدرەسەی هەبووە.
دوازدەیەم: مەلا عەبدولرەحمان کوێرەکانی(راجی) کەنازناوی شیعری بووە، پیاوێکی بیلمەت بوو، لە(خرابە)ی ئێستای مەڵبەندی ناحیەی ئاشتی فەقێ ومەدرەسەی هەبووە.
سێزدەیەم: مەلا سەعیدی باغەجنێری، لەگوندی باغەجنێر ڕۆڵی هەبووە، باوکی مەلا حەمەدەمینی کەپێکەوە کۆلیجی شەریعەمان لە بەغداد تەواوکردووە لەساڵی ١٩٧٦دوایش بووە سەرۆکی زانایانی کەرکوك.
چواردەیەم: مەلا حەمەدەمینی چۆمحەیدەری هەتا بلێی زاناوداناو بەجەرگ ولێهاتوو بوو، هەردەم فەقێ ومەدرەسەی هەبوو، هەمیش مۆڵەتی مەلایەتی ئەبەخشیە فێیەکانی.
پازدەیەم: مەلا مستەفای حافیز لەداربەسەری سەروو بوو، کە بۆخۆم دیبوم زۆر بلیمەت بوو، کتێبێکی لە قەواعیدی نەحو دانابوو، هەمووی لەبەر بوو لەنزیکەوە ئەمناسی.
لەکۆتاییدا داوای لێبوردن ئەکەم لەم مامۆستا بەڕێزانەی کە لە دەڤەری تەقتەق ڕۆڵیان هەبووەو مەدرەسەو فەقێیان هەبووەو خزمەتی ئایین وپێشەنگی دەڤەرەکە بوون کە بەبێ گومان زۆرتر هەبوون لەو ژمارەیەی کەخستومەتە ڕوو بەڵام هەر ئەوەندەم لەیادە لێرەدا تۆمارم کردوون.



# شارۆچکەی تەقتەق



د.جەمال فەتحوڵلا تەییب
زانکۆی کۆیە، ئەندامی کۆمەڵەی ئینسایکلۆپیدیای کوردستان

ئەم شارۆچکەیە خاوەنی مێژوویەکی دێرینە، ناوی لەسەرچاوە مێژووییەکان هاتووە، لەوانە لەسەردەمی حوکمڕانی بنەماڵەی ئوری سێیەم کە لە دووهەزار ساڵ بەر لە زاییندا ناوی ئەم شارۆچکەیە بەناوی(تیکتکیوم) هاتووە، هەروەك دکتۆر کامەران موحەممەد جەلال لەماستەرنامەکەی باسی دەکات بەناونیشانی(مێژووی تەقتەق)، واتە شارۆچکەی تەقتەق لەدێر زەمانەوە بوونی هەبووە.

لێرەدا پێویستە هۆکاری گەشەنەکردن وگەورەنەبونی ئەم شارۆچکەیە بخەینەڕوو دەکرێ هۆکاری سیاسی یان ئابوری یان جوگرافی بێت لەوانەیە زۆر ڕووداوی نەخوازراو وکارەسات فاکتەری سەرەکی بن لەپێش نەنەکەوتن و پەرەپێدانی ئەم دەڤەرە، مەخابن هیچ سەرچاوەیەکی مێژووی کۆن باس لەژیان ودامەزراندن ومێژووی ئەم شارەناکات، ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوە بووە کە هاوڵاتی کوردی لەکۆنەوە نوسینەوەی مێژووی ڕووداوەکان نەبۆتە جێگەی بایەخی، هەر بۆیە بەشی هەرەزۆری مێژووی کورد لەسەر دەستی بێگانە تۆمارکراوە.

لەڕاستیدا هەندێ سەرچاوە کە لەسەدەکانی حەڤدەو هەژدەدا نوسراوە باس لەبوونی تەقتەق و ئەو کارەساتە سروشتیەی کە بەسەریداهاتووە دەکات لەوانە لافاو کە هەرچی خانووی هاوڵاتیان هەبووە ڕووخاندی و لەگەڵ زەوییدا تەختی کرد، دواتر تاك تاك خەڵك هاتوون ودووبارە لەجێگەیەکیتر خانوویان دروستکردووە، دیارە دانیشتوانەکەی نەیانتوانیووە دەستبەرداری بن ، چونکە ناوچەکە پێگەی ژیانی ئەوان بووە و دەرفەتی بەردەوامی ژیان لەوێدا بەرجەستە بووە لەبوونی ئاوی زۆرو زەوی بەپیت.

جگە لەوەی لەسەر ڕێگەی کاروانە بازرگانیەکان بووە بەتایبەتی ئەو کەل وپەلانەی کە لەشاری کۆیەوە بەووڵاغ ڕەوانەی تەقتەق دەکران، لەوێوە بە(دوبەوکەڵەك) بەرێگەی ئاوی کە زێی بچووکە دەگوازرایەوە بۆشاری

پردێ(ئاڵتون کۆپری)، لەوێشەوە بۆ(سامەرا وتکریت) و دواتریش بۆشاری(بەغدا).

لەئێستادا ئەم شارۆچکەیە ژمارەیەکی بەرچاوی هاووڵاتی لەخۆدەگرێت و بەشێکی باشیان هەڵگری بڕوانامەی بەرزن لەگشت بوارە جیاجیاکاندا و لەڕووی کشتوکاڵیەوە بایەخێکی زۆری هەیە چونکە سەرچاوەی ئاوی زۆرەو زەوی بەپیتی هەیە ئەمە بۆخۆی دەرفەتی کردنەوەی کۆلیژی کشتوکاڵ ئاسان دەکات، لەهەمان کاتدا پێویستە پەیمانگایەکی لێ بکرێتەوە بەم کارەش زەمینەی گەورەبوون وپەرەپێدانی خۆش دەبێ و جۆرێك لەکرانەوە بەرووی شارەکانیتر دێنێتە ئاراوەوجولەیەکی بازرگانی سەرهەڵدەداو هەلی کارکردن بۆژمارەیەك گەنج دەرەخسێنێ.

ئەم شارۆچکەیە ژمارەیەکی بەرچاوی لەگوند لەخۆ دەگرێ کە لەڕووی کارگێڕییەوە سەربەم شارۆچکەیەن هەروەها ناوچەکە لەبارە ببێتە ناوەندێکی گەشت و گوزار چونکە خاوەنی زێیەکی گەورەیەوهەڵکەوتەیەکی جوگرافی گرنگ وسەرنجڕاکێشی هەیە کەواتە پێویستە حکومەتی هەرێم وخاوەن سەرمایەکان هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ دانانی پلانی گەشەکردن وبنیاتنانی شارۆچکەکە لەڕووی گەشتوگوزارەوە، کە بێگومان داهاتێکی باش بۆ ناوچەکە مسۆگەر دەکات و دەبێتە ناوچەیەك کەلەهەموو لایەکەوە ڕووی تێبکەن و بەمەش شارۆچکەکە دەبوژێتەوەو دواجار کاریگەری زۆر لەسەر ژیانی خەڵك و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانیان دەبێت.

ناکرێ ڕۆڵی هاولاتیانی تەقتەق و دەڤەرەکەی لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد فەرامۆش بکەین کە بەشداری کارایان کردووە لەم پێناوەدا قوربانی زۆریان داوە، لەکۆتاییدا دەڵێین شارۆچکەیەك خاوەنی ئەم هەموو خاسیەتانە بێت ، شایانی ئەوە نیە بکرێتە قەزا؟ ئەوکات شاری کۆیە سوود لەم بەقەزابوونەی وەردەگرێت و بەدەنگی زولالەوە دەتوانێ داوای بەپارێزگابوونی کۆیە بکات و دەرفەتی زیاتری دەبێت.





# گرنگی گەشتوگوزاری کەناراوەکان
# زێی تەقتەق وەک نمونە

د.لوقمان وسو ئۆمەر

کەناراوەکان سەرجەم ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە لە سەرچاوەیەکی ئاویەوە هاتونەتە بوون، جا ئەم سەرچاوەیە ڕووبارو زێیەکان بێت یا دەریاودەریاچەکان، ئەوەی لێرەدا ئێمە مەبەستمانە تیشکی بخەینە سەر کەناری ڕوبارەکانە کە زێی تەقتەق یەکێکە لەم کەناراوانە.

روبارەکان بە گشتی سەرجەم ئەو ئاوانە دەگرێتەوە کە بەسەر زەویدا بە شێوەیەکی دیار ڕێدەکەن و سەرچاوەیەکیشن بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران. ڕۆڵی ڕوبارەکان بە شێویەکی بەرچاو لەولاتانی ئەوروپاو ئەمریکای باکوور دەرکەوتوە، کەرێڕەوەکانی خاوەنی دیمەنی جوانو گونجاوی سروشتین بۆ گەشتوگوزار، لەڕێگای سود وەرگرتن لە دیمەنی جوان و بەکارهێنانیان لە بوارەکانی گەشت وگوزاری وەك دانیشتن، پیادەکردن بە کەنارەکان، ڕاوەماسی، تەنانەت مەلەکردن لە ئاوەکان وسەوڵ لێدان و نقوم بون بە ئامێری تایبەت بۆ قولایی ئاوەکان ....هتد.

هەندێ جار ئاوەکان وەك کەناڵی ئاوی سودیان لێوەردەگیرێت، وڵاتانی ئەوروپا خاوەنی چەندین کەناڵی ئاوین،کە ئەم دۆخەیان بۆ چالاکیەگەشتوگوزارەکان قۆزتۆتەوە، بۆنمونە لە بەریتانیادا نزیکەی(٢٤٠٠) کیلۆمەتر ڕێرەوی ئاوی گونجاوی هەیە، بۆ ڕاوە ماسی بەکاردەهێنرێت، لەولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ژمارەی ئەوانەی ڕاوەماسی وەك ئارەزوو دەکەن لەزیاد بووندایە، تاگەیشتۆتە ١/٤ کۆی دانیشتوانی لەگەڵ چالاکییە گەشتو گوزارییە ئاوییەکانی تر(١). واتە گرنگی ڕووبارو زێیەکانو سەرچاوەکانی تری ئاوییمان بۆ دەردەکەوێت، لەڕاکێشانی گەشتیاران بۆ پیادەکردنی ئەو ئارەزووانەی هەیانە، کە پێویستی بەبوونی ئاو هەیە بەبڕی پێویستو دابەشبوونی بەسەر ناوچەکاندا بەشێوەیەك زۆرترین سوودی لێوەربگیرێت لەو بوارەدا.

سەبارەت بەهەرێمی کوردستان و ناوچەی تەقتەق وەك بەشێکی گرنگ لەم بوارەدا لەم سەرچاوە گەشتوگوزاریەدا پشکی شێری بەردەکەوێت کە خاوەنی زۆرترین کەناری ئاویە لە زێی بچوك.

سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە داواکاری گەشتوگوزاری ئاوی لەسەر ئاستی ناوخۆییو نێودەوڵەتی رووی لە زیادبوون کردووەو ڕێژەی ئەو گەشتیارانەی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بەرەو ناوچە ئاوییەکان بەجێدەهێڵن، بەمەبەستی بەسەربردنی مۆڵەتی ساڵانەیان گەیشتۆتە نزیکەی (٩٠٪)(٢). بەو پێودانگە یەکێك لە سیما جوگرافیە سەرەکیەکانی راکێشانی گەشتوگوزار لە ناوچەی تەقتەق بوونی زێی بچوکە، ئەگەرچی تاوەکو ئێستا ئەو ئاسانکاریانەی کە پێویستن بۆ ڕاکێشانی گەشتوگوزار لەبەردەستدا نین.

دەربارەی ئاوی زێی تەقتەق کۆمەڵی مەرجی ئاوە گەشتوگوزاریەکانی تیادایە وەك لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت.

**خشتەی ژمارە (١)**

**تێکڕای مانگانەی پلەی گەرمی ئاوی زێی تەقتەق بە پلەی سەدی**

| مانگەکان | پلەی گەرمی بە سەدی |
| --- | --- |
| کانوونی دوەم | ١١ |
| شوبات | ١١ |
| ئازار | ١١ |
| نیسان | ١٢ |
| مایس | ١٨ |
| حوزەیران | ٢٤ |
| تەمووز | ٢٥ |
| ئاب | ٢٥ |
| ئەیلول | ٢٢ |
| تشرینی یەکەم | ٢٠ |
| تشرینی دووەم | ١٩ |
| کانوونی یەکەم | ١٤ |
| تێکڕای سالانە | ٧,١٧ |

**خشتەی ژمارە(٢)**

**هەندێك خاسیەتی فیزیاویو کیمیاوی ئاوی بەنداوی دوکان**

| | |
| --- | --- |
| گەیاندنی کارەبایی | ٢٨٠ |
| PH | ٧،٤ |
| کالیسیوم | ٣٣،٤٢ |
| مەگنیسیوم | ١٣،٦٢ |
| سۆدیۆم | ٥،٥٦ |
| بوتاسیوم | ١،٩٨ |
| کلۆریدات | ١٨،٧٧ |
| کبریتات | ٢٦،٩٧ |
| کاربۆنات وجۆری تر لەخوێ | ١١٣،١٥ |

بە سەرنجدان لە هەردوو خشتەی ژمارە( ١، ٢) بومان دەردەکەوێت کە:

١-کۆی خوێی تەواوە لەئاوەکەیدا دەگاتە (٢١٣) بەش لەملیۆنێك، واتە ڕەگەزو ئایۆناتەکان ڕێژەیەکی کەمیان هەیە، ئەمەش وایکردووە ئاوەکەی بۆ هەموو جۆرە بەکارهێنانێکی جیاوازی، وەك (گەشتوگوزار، پیشەسازی، کشتوکاڵی، نیومالّ) بەکاربێت.

٢-تێکڕای (PH) ی ئاوی ڕووبارەکە وەك تێبینی دەکرێت نزیکە لە ستانداردی کە دەگاتە( ٧,٤ ) .

٣-تێکڕای گەیاندنی کارەبایی ئاوەکان دەگاتە٢٨٠ ملیموز/سم٣ لەپلەی گەرمی١٧، بەمەش ئاوێکی باش دادەنرێت و ڕێژەی سوێری نییە، چونکە پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە لەنێوان بوونی خوێو پلەی گەیاندنی کارەبایی.

٤-پلەی گەرمی ئاوی ڕوبارەکە لەنێوان مانگەکانی (حوزەیران-تشرینی یەکەم) لە ٢٠پلەی سەدی بەرزترەو لە گەرمترین مانگیشدا لە ٢٥ پلەی سەدی تێپەر ناکات کە ئەمەش بە خالّێکی پۆزەتیفی گرنگ بو بەکارهینانەکانی گەشتوگوزار دادەنرێت لە وەرزە گەرمەکان.

کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە توانستە ئاویەکانی زێی تەقتەق، نەك هەر لەڕووی چەندێتی کە دەوڵەمەندە بە ئاو، بەڵکو لە ڕووی چۆنێتیو جۆری ئاوەکەی و پلەی گەرمیەکەی گونجاوە بۆ چالاکیە گەشتوگوزارییەکان

سەرچاوە: سناء عبدالباقی بكر،مصادر الثروة الطبيعية في حوض دوكان وسبل صيانتها،المصدر السابق ،ص٤٨.



# پەندە شیعرییەکانی وەستا جەوهەری سعاتچی

تێ کۆشانت بێ، بۆمەردی زانی
کات بەسەرمەدە، هەربەگۆرانی

ئەو دۆستە مەگرە، دوژمنت نەوێ
لەهەڵ بگەرێ تابۆی هەڵکەوێ

پێت لەبەرەکەت مەخە دەرەوە
ڕۆژانەی پوڵت بەسەر کەرەوە

ئەگەر وەعدت دا بۆ هەر کرداری
بادوانەکەوێ بۆلای ئێواری

نرخ وڕێزی تۆ هەردەم بەردەوام
ئەگەر وەعدەکەت نەڕوا بێ وەلام

نرخی ئینسانی بەکردارەوە
نەوەک فروفێڵ بەفیشارەوە

جیهان ڕابوێرن هەر بەپێکەنین
ئەبێ دابرێین لەکاروانی ژین

هەتا نەگەینە ئەم بەر هەورازە
نازانین چۆنە هەواری تازە

ئەوەی بەبێ بڕ مل لەئاو ئەنێ
ڕەنگە نەسەڵمێن کەلاوی تێ بنێ

گۆڵکی فەقیرە ئەڵێن خوراوە
بەلام دەوڵەمەند هی خۆی بەستاوە

سەیری سروشت کەین نەخش ونیگاری
قوتابخانەیە هەموو بازاڕی

هەتا نەرەخسێ گوڵێک لەچڵێک
هەرگیز نابیستی سەدای بولبولێک

ئەگەر گەشاوە گوڵی بەختیاری
چی داوە لەتۆ دەوری هەژاری

تفەنگ نەهاوین بەقسەی ئەم و ئەو
نیشانی ناگیرێ بەتاریکی شەو

بڕیاری گومان شوبهەی دڵی خۆت
نەشت بینیوە بەچاوانی خۆت

باسی لێ مەکە تاوانباریە
واتە کردەوەی ئاژاوە چیە

کەنابی بەگوڵ مەشبە بەدڕک
نەکابتگرێ وەکو توو دڕک

هەر پول وپارە بۆتۆ بەس نیە
سەربەرزیت ئەوێ سەخاوەتیە

بەچاوچنۆكی خۆت ڕامەهێنە
ئەتۆ كلیلی، جیهان خەزێنە

هەندێک پولەکە بکەین بەحەرەس
ئەبێتە ڕێگر لەدزو نەفەس

چەرخی سەردەمە ئەڕواو ئەخولێ
جیلێک سەرئەخا وجیلێک ئەگلێ

قەیاسێک بکە لەدونیای ژینت
تۆزێکیش بگری بۆ پێکەنینت

دەرفەتی لاویت مەدە بەخەسار
ئەگەر هاوین هات نامێنێ بەهار

گەر جوانیت ئەوێ پاکی ڕەوشتە
چونکە دایناوە کاری سروشتە

بەکاری سروشت گەر نەبین ڕازی
زۆر ناڕەوایە بێ ڕەزای قازی

ئەڵێن خوی شیری هەتا پیرییە
بەڵام بەدکاری چارە ڕەشییە

ئاوت خواردەوە لەکانی و ئاوێ
هەرگیزاو هەرگیز بەردی مەهاوێ

بێ جێگا نیە قسەی زانایان
تاقیکاریە بۆ ڕێگای ژیان

برام نەزانێ حاڵی من چۆنە
قەڵای ڕووخاوەو هەمبانەی كۆنە

خزم وبرای دوور یادەوەرییە
دراوسێی چاکیش بەختەوەرییە

ژیانی ئینسان بەهارو نیسان
کەهاوین داهات گوڵیش هەڵوەران

دەوڵەمەند دڵە خۆ بەماڵ نیە
گەورەیش عەقڵە خۆ بەساڵ نیە

ئەگەر ئەتەوێ خۆشی ببینی
لانکەی ئازاریش ئەبێ بژینی

قسەی بەرامبەر نەک بەنهێنی
شوشە ناسکە نەکا بیشکێنی

ڕابردوو هات وڕۆیشت بەسەرچوو
هەزار بۆرە سوار هات وبۆی دەرچوو

هەرکەس بەهەژار تەبع کرابێ
بەمن وبەتۆ هەرگیز چا نابێ

لە هەڵەی ژیان چی بەدەست دێنین
ئەگەر نەتوانین عەقڵ بدوێنین

برام گوێ بگرە بۆ ئەم نوسینە
کە بەهار نەما ئیتر هاوینە

نەمدی ڕەزیلێک شاباشێک بکا
هەتا بەخیلێک بۆی ئیمزا نەکا

دەستی ماندووە لەسەر سکی تێر
هەستەو تێکۆشە تا بژی وەک شێر

کە دەوڵەمەندێک وەدەر ئەکەوێ
کێخوای ئاوایش بەگڕ ئەکەوێ

سەخی دەوڵەمەند وەک ڕاستی ئەمیر
پێویستیان ئەبێ بەدوعای فەقیر

خیانەت مەکە لەخاک وئاوت
نەوەک سبەینێ نەبینی چاوت

کەسێک بەسەخی کەناوی دەرچوو
ناتوانێ دەرگای دابخا لە ڕوو

ئەگەر ئەتەوێ عەقڵ خەزن کەی
لەخۆت زاناتر ئەبێ وەزن کەی

# پێگەی دەروون
# لەنێوسیستەمی پەروەردەوفێرکردندا

سەرتیپ ڕەئوف

سیستەمی پەروەردەوفێرکردن یەکێکە لەهەرە گرنگترین سیستەمەکان لەبزاڤی پێشکەوتوخوازی هەر نەتەوەیەك، بەهۆی ئەوەی هەستیارترین قۆناغەکانی تەمەنی تاك لەنێو ئەم سیستەمەدا دەگوزەرێ لەوانەش قۆناغی منالێ و هەرزەکاری و تاوەکو سەرەتاکانی پێگەیشتن.

ئەم سیستەمە لەدوو چەمك پێکهاتووە، پەروەردە کە خوێندکار ئامادەو ڕێنمون دەکات خاوەن هەڵوێست بێ و بە هەستی بەرپرسیارییەوە بەشداری لەژیانی کۆمەڵدا بکات و ڕێز لەبنەما کەلتوری و مەعریفیەکان بنێت، لەبەرامبەردا فێرکردن هەیە کە ئەرکی ڕاگەیاندنی زانستە جۆربەجۆرەکانە بەخوێندکارو فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەیەتی لە هەمبەر بنەما زانستیەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵدا بەڵام ئایا پێگەی دەروون لەم نێوەندەدا چۆنە؟

سەرەڕای ئەوەی کە دەروون پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەم دوو چەنکەی سەرەوە هەیە بەوەی کە پەروەردەوفێرکردنی خوێندکار بەبێ تێڕامان لەدەروون و گۆڕانکاریە دەروونیەکان بەگوێرەی قۆناغەکانی تەمەن فەراهەم نایە، بەڵام دەبینین کە فەزل و بایەخی ئەم لایەنە گرینگە فەرامۆشکراوە،و خوێندکار دوای تێپەڕاندنی لانیکەم ١٢ساڵ تەمەن لەنێو سیستەمێکی دەق ئامێزدا کەچی دەبینرێ خوێندکار لەهەمبەر پێگەوفۆرمی کەسایەتی خۆیدا بەگومانەوە دەڕوانێ، چونکە تا ئەم ئاستەش توانا کەسیە تایبەتیەکانی بۆ ڕوون نەبۆتەوە و بەناچاری دەکەوێتە کێشمەکێشم لەگەڵ واقیعێکی چەسپێنراو لەقۆناغەکانی داهاتووی خوێندنیدا ،ئەگەرچی تاکو ئێستا خوێندکاران بێبەشن لەهەر خزمەتگوزاریەکی زارەکی وپراکتیکی دەروونی بەئاشکراش ڕۆژانە گوێبیستی دیاردەی شکاندنەوەی خوێندکار دەبین لەلایەن هەندێك لەمامۆستاکانیەوە جا بە هەر بیانویەك بێت بەبێ ڕەچاوکردنی باروودۆخی فەسلەجی و دەروونی خوێندکار،ئەمەش خوێندکار دەخاتە بەردەم حاڵەتێکی نەخواستراوی چەقبەستووی دەروونی کە لەئێستاو داهاتوویدا کاریگەری نێگەتیڤ بەجێدەهێلێت لەسەر کەسایەتی و ئاستی بەرهەم.

بۆیە گرنگە کە چاو پێداخشاندنەوەیەکی ووردوخێرا بۆ ئەم سیستەمە بکرێ و ئەگەر لەخوێندنگەکانیشدا نەبێ خێزانەکان هەوڵی دابینکردنی ئەم لایەنە گرینگ وهەستیارە بدەن بۆ نەوەکانیان.

# لەزانکۆی ئەسکەندەریە بەپلەی زۆرباشی باڵا ماستەری لە سەربەخۆبوونی دادگا هێنایەوە



یاریدەدەری دادوەری لەدادگای تەقتەق (فەرامۆش عومەر فەتحوڵلا) لەچوارچێوەی بەرنامەی تواناسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاندیدبووە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەدەرەوەی وڵات، لەسەر پشکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان/سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر، دوای ئەوەی بەپلەی(زۆرباش) توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت ساڵانەی دکتۆر ڕەئوف لێدوانێکی کورتی لێوەرگرت و ووتی: سوپاس بۆ خوای گەورە توانیم بڕوانامەی ماستەر بەدەستبهێنم لەیاسای گشتی لەبابەتێکی دەستوری دا لەکۆلیژی ماف لەزانکۆی ئەسکەندەریەی میسر، وە گفتوگۆی ماستەرەکەم لە ٢٠١٥/٧/١لەهۆلی(دکتۆر جەلال عەدوی)لەکۆلیژی ناوبراو بەرێوەچوو لەژێر ناونیشانی(استقلال القچاو کوسیلە لهیبە القچائیە-دراسە مقارنە) واتە سەربەخۆبوونی دادگا وەکو هۆکارێ بۆ پێدانی هەیبەت بەدەسەڵاتی دادوەری-خوێندنەوەیەکی بەراوردکاری) ،کەتیایدا بڕوانامەی ماستەرم پێ بەخشرا لەلایەن لیژنەی گفتوگۆ بەپلەی(زۆر باش)ی باڵا.

لێرەوە سوپاس و دەستخۆشی لەبەرنامەی تواناسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی کەهاوکارو هاندەرم بوون بۆ بەدەستهێنانی ئەم بڕوانامەیە.



# ئەو خوێندکارەی
# توانیویەتی
# هەموو خەڵاتەکانی دکتۆر
# ڕەئوف وەرگرێت

خەڵاتی ساڵانەی دکتۆر ڕەئـوف نەریتێکی ساڵانەی بنکەی خـێرخـوازی دکتۆر ڕەئـوفـە و لەمەراسیمێکی شایستەدا لەساڵوەگەری کۆچی دوایـی ئەندازیاری ئەو خەڵاتە خوالێخۆشبوو(دکتۆر ڕەئـوف) لە١٥ی ئەیلولی هەمـوو ساڵێك دەبەخشرێتە خوێندکارە سەرکەوتووەکانی قوتابخانەو خوێندنگە بنەڕەتی و ئامادەییەکانی شارۆچکەی تەقتەق، خەڵاتەکە حەوت قۆناغ و پۆلی خوێندن دەگرێتەوە لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتی تا دوازدەیەمی زانستی و وێژەیی ئامادەییەکان، ئەوەی جێگەی سەرنجە خوێندکاری بەتوانای شارۆچکەکەمان(بۆتان میرزا موحەممەد )کە ئێستا لەقۆناغی سێیەمی کۆلیژی پزیشکی گشتی زانکۆی هەولێری پزیشکیە لە هەر حەوت قۆناغدا توانیویەتی خەڵاتی ساڵانەی دکتۆر ڕەئـوف بەدەستبهێنێت لەخەڵاتەکانی(دووەمین خەڵاتی ساڵانەی دکتۆر ڕەئوف تاوەکو هەشتەمین خەڵات) لەنێوان ساڵانی(٢٠٠٥-٢٠٠٦تا ٢٠١١-٢٠١٢)

ناوبراو جگە لەوەی خوێندکارێکی ڕەوشت بەرزو زیرەك وبەتوانای شارۆچکەکەمانە لەهەمان کاتیشدا گەنجێکی بەتوانای نێوەندی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیە و لێپرسراوی سەنتەری تەقتەقی ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستانە، هیواداریـن خوێندکارو گەنجی لەو شێوەیە لە شارۆچکەکەمان نمونەی زۆر بێت و هیوای دوارۆژێکی گەشی بۆ دەخوازین.



# لەقۆریەشکاو

# نمایشی تارای سوریان کردە ئاهەنگی ڕۆژی گواستنەوە









دوو گەنجی ئەم هەرێمە شیرینە، کچێك وکوڕێك بڕیاردەدەن کە زەماوەندی ڕۆژی گواستنەوە بەئاهەنگی گەورە نەگێڕن و تەنها بەشێوازێکی کوردەواری و بەجل وبەرگی کوردیەوە لەقاوەخانەیەکی کەلتوری شاری سلێمانی چەند وێنەیەك بەیەکەوە تۆماربکەن.

زاوا شەماڵ ئازاد عەبدوڵلایەو گەنجێکی شارۆچکەی تەقتەقە و مامۆستای پەیمانگای ڕاهێنان وگەشەپێدانی پەروەردەییە، بوکەخانیش پەروەر عومەرە خاتونێکی شاری سلێمانیەو خوێندکاری قۆناغی پێنجەمی کۆلیژی پزیشکی ڤێتێرنەریە، بەیەکەوە بڕیار دەدەن کە ڕۆژی ئاهەنگی هاوسەرێتیان ئاهەنگی گەورە لەڕۆژی گواستنەوە نەگێڕن و تەنها لەقاوەخانەیەکی کەلتوری بەجلی کوردی و تارای سورەوە چەند وێنەیەکی یادگاری بەیەکەوە بگرن.

شەماڵ ئازاد وتی: سەرەتا ویستمان بچینە ناوچەی هەورامان بەڵام ڕۆژی ئاهەنگی هاوسەریمان ٢٠١٥/٨/٨بوو بەڕاستی گەرماو دووری هەورامان ڕێگەی لە هەڵبژاردنەکەمان گرت، بۆیە بریارماندا لە قاوەخانەی کەلتوری قۆریەشکاوی گەرەکی ئەندازیارانی شاری سلێمانی نزیك خواررووی ئەمنەسورەکە دیاری بکەین بۆ ڕۆژی زەماوەند بەڵام بەبێ ئاهەنگ گێڕان تەنها بەجلوبەرگی کوردی و تارای سورەوە.

شەماڵ دەڵێ کاتی خۆشی دایکم بەتارای سورەوە بۆ باوکم گواستراوەتەوە ، ئێمەش بۆ زیندوکردنەوەی ئەو شێوە کلاسیکیە کوردەوارییە گەڕاینەوە بەڕاستی هەستێکی جوان وڕەسەنایەتیمان لەو حاڵەتە بەدی دەکرد.

# شانۆکارێکی بەجموجۆڵ کوڕە قشتەکەی تەقتەق



## نەوزاد جەواد: هەمیشە کۆمیدیا پێشەنگە لای من
## چونکە شتە نەوتراوو درک پێنەکراوەکانی پێ دەخرێتەڕوو

**ئامادەکردنی: باوکی ئەڤرێست**

لەشەقام وقوتابخانەو باخچەکان، لەشوێنەگشتیەکان و شاروشارۆچکەکان، لەبواری شانۆدا گەنجێکی بەجموجۆل و رۆح سوك، شانۆکارێکی بەتواناماان هەیە، دەتوانێ لەناخۆشی و تراژیدیا و لەکارەسات و قەیراندا خەندە بخاتە سەرلێوەکانت، هەواداڕێکی باشی هەیەو هەوڵی بەردەوامیشی لەبواری شانۆدا لەم دواییانە بەباشی لەشارۆچکەکەمان دەرکەوتووە(سالانەی دکتۆر ڕەئوف)پێی باش بوو لەدیمانەیکدا زیاتر بەخوێنەرانی ئاشنا بکات.

**د.ڕەئوف: نەوزاد دەتوانێ چۆن خۆی بناسێنێ بۆ خوێنەرانمان؟**

نەوزاد جەواد: نەوزاد جەواد فەقێ جەمیل لەدایکبوی ١٩٩٠ی شارۆچکەی تەقتەق، دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی شەهید جەعفەر عەبدولواحیدە لەکۆیە، بەشی شانۆ لقی دەرهێنان، ئێستا قۆناغی دووەم لە کۆلیژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەددین.

**د.ڕەئوف:خولیا بونت بۆ شانۆ پەیوەستە بە پەیمانگای هونەرەجوانەکان یان پێشتر؟ پێشینەی کاری هونەری تۆ چییە؟**

نەوزاد جەواد: حەزی من بۆ شانۆ پێش چوونە پەیمانگا بوو دواتر کەچوومە پەیمانگا ڕەوشەکەم بۆ فراوانتربوو، بەشێوەیەکی ئەکادیمی فێری سەرجەم تایبەتمەندییەکانی شانۆ بووم، شانۆی(قەرەج) لەپەیمانگای هونەرەجوانەکانی شەهید جەعفەر عەبدولواحید کە وەك ئەکتەر بەشداربووم یەکەم کاری شانۆیی من بووە، کە ڕۆلێکی مام ناوەندیم لەشانۆکە هەبوو.

دواتر لەقۆناغی سێیەمی پەیمانگا چوومە بەشی(دەرهێنان) لەبواری نواندن و دەرهێنان کارم دەکرد سەرەتا کاری دەرهێنانم بریتی بوو لە شانۆی(لەئێوارەیەکدا) لەنوسینی(هارۆڵد پینتەر)، دووەم کاریشم شانۆی(میوان) لەنوسینی(مانویل مارتینس میدیرۆ)بوو، لەبواری نواندن و ئەکتەریش ئیشێکیترم ئەوەبوو لەشانۆی(شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە)لەدەرهێنانی(دارەوان موحسین) بوو وەك ئەکتەر بەشداربووم.

**د.ڕەئوف:کارنامەی دەرچوونت لە پەیمانگا چی بوو؟ چ سەرکەوتنێکی بەدەستهێنا؟**

نەوزاد جەواد:کارێکی کۆمیدیم هەڵبژارد کە دەقێکی(داریۆفۆ)بوو بەناوی(بۆیاخچیەکان هیچ یادگاریان

نیە)لە دەرهێنانی خۆم بوو بەیەکەم کارنامەدەرچوو لەسەر ئاستی پەیمانگاو پلەی یەکەمم بەدەستهێنا.

**د.ڕەئوف:کارەهونەرییەکانت لەدەرەوەی پەیمانگا و کۆلیژی هونەرەجوانەکاندا؟**

نەوزاد جەواد :ئەندامم لە تیپی شانۆی تەقتەق و چەندین کاروچالاکیم لەگەڵ ئەم تیپە ئەنجامداوە وەك ئەکتەرو دەرهێنەریش، بەتایبەت لەیادە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی وەك ئەنفال و هەڵەبجە و نەورۆز، هەروەها لەگروپەکانی شانۆ ولەبواری منداڵان وگەورانیش لەشاری کۆیە و هەولێر کارمکردووە و جێی دەستیشم دیاربووە و ئێستاش بەردەوامم.

**د.ڕەئوف:سروشتی تەقتەق بۆ بواری شانۆ چۆنە و ئاستی ئەو بوارە هونەرییە گەیشتوە بەکوێ؟ئەی سەبارەت بە کورتە فیلمەکان چیت ئەنجامداوە؟**

نەوزاد جەواد :سروشتی تەقتەق هۆکاربووە بۆ کاری هونەری لەلایەن گروپ و لایەنەهونەرییەکانەوە چەندین کلیپ و کورتە فیلمی لێ تۆمارکراوە من خۆم ٣کورتەفیلمم لە دەڤەری تەقتەق وێنەگرتووە و دەنگدانەوەی باشیشی هەبووە، بڕیارە لەداهاتوش چەند کارێکی هونەری تری تیا ئەنجام بدرێت.

سەبارەت بەئاستی شانۆ لەتەقتەق نەوزاد دەڵێت: ئاستی شانۆ لە تەقتەق خراپ نیە ئەویش بەهۆی هەوڵەکانی خۆمەوەیە و هەوادارێکی زۆرم لەم شارە هەیە بۆیە ناتوانم بڵێم خراپە، هەمیشە داوای کاری نوێ ئەکەن و منیش بەپێی توانای خۆم کارەکانم ئەنجامداوە، بە هاوکاری چەند هاوڕێیەکی نزیك نەبێت وە ئەگەرنا هیچ لایەنێك هاوکاری منیان نەکردووە.





-لەشانۆکانی( قەرەج، شێتەکانی ئەم رۆژگارە، ئەو لێرەیە، ژیان وشانۆ، شازی خەیات، شەڕ، پێشمەرگە، حەشیشەکێشەکان) ئەکتەر بووە.

-لەشانۆکانی(لەئێوارەیەکدا، میوان، بۆیاخچیەکان هیچ یادگاریان نیە، تاوانی ئەسپەکە، ڕێوی فێڵباز، دارستانی بەختیاری) دەرهێنەربووە.

-لە کورتە فیلمەکانی(چاوەڕوانی، ئاوی بێ دەنگ، ئەسپی شێت) وەك ئەکتەرو دەرهێنەرکاریکردووە.

-چەندین دەقی شانۆیی بۆمنالاَن وگەوران نوسیووەو ئێستاش لەکاری هونەری بەردەوامە.



# شەیدا نامق:
# پێی وایە بواری ڕاگەیاندن زیاتر لەو نزیکە وەک لەبوارێکیتر

**ئامادەکردنی: ع.فەتحوڵلا**

ڕەنگە چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەنوسێك یان ڕاگەیاندکارێك تاڕادەیەك نەتوانێت سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕابکێشێت بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی بایەخە ڕاگەیاندکارێکە کە هیچ پەیمانگاو زانکۆیەکی تەواو نەکردووە و خۆڕسکانە پەرەی بەخولیای ڕۆژنامەنوسی و تواناکانی خۆیدا داوە و توانیویەتی وەك چالاکوانێکی ئەکتیڤ و کارا لەماوەی ١٠ساڵی رابردوودا خۆی لەگۆڕەپانەکەدا بسەپێنێ ئەو ڕاگەیاندکارە خاتوو(شەیدا نامیق عومەر)ی لەدایکبوی ساڵی ١٩٨٢ی شارۆچکەی تەقتەقەو ئێستا لەشاری کۆیە نیشتەجێیە(ساڵانەی دکتۆر ڕەئوف) بەلەبەر چاوگرتنی توانا و خزمەتی ئەو خاتوونە لەبواری ڕاگەیاندن لەسنوری کۆیەو دەوروبەری چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا ئەنجامدا و سەبارەت بە پرسیارەکانمان بۆ خولیاو ئارەزووی بۆ بوارەکەو کارەکانی و کۆسپەکانی کەدێنە ڕێگەیی و کاری ڕێکخراوەیی و پیشەیی و شانۆکاری وتاد.

خاتوو شەیدا ووتی لەمناڵیەوە خولیای ڕاگەیاندن بووم و لەساڵی ٢٠٠٤ەوە یەکەم ئەزمونی کاری ڕاگەیاندنم دەست پێکردووە، لەڕادیۆی ئازادی کە ئەو رادیۆیە تاکە رادیۆی سنورەکە بوو کەلە٣/٧/٢٠٠٤ەوەدەستی بەپەخش کرد و مێژوویەکی پڕسەروەری بۆخۆی تۆمارکرد، لە ١٠/١٠/٢٠٠٤ەوە لەبەرنامەیەکی ڕاستەوخۆدا کاری پێشکەشکاریم کردو دەستبەکاربووم.

### ڕەخنەگری باشمان هەبوو

کارەکە سەرەتا لەلای زەحمەت بووە وەك خۆی دەڵێت ڕەخنەگری باشیشمان هەبوو لەپێش من چەند ئافرەتێك بەهۆی ڕەخنەگرتنەوە نەیانتوانی بوو بەردەوام بن، بەڵام بەهاوکاری هاوڕێکانم و بەڕێوەبەری ئەوکاتی ڕادیۆکە (زیاد کەریم)بوو توانیم وەك تاکە ئافرەتێك بەردەوام بم و سەرکەوتن بەدەست بێنم، ڕادیۆی ئازادی زانکۆیەك بوو بۆ پێگەیاندنم.

### لەئاستەنگەکانی شەیدا

هەموو کارێك ئاستەنگی هەیە بەڵام خۆراگری مرۆڤەکان ڕۆل دەبینێت من وەك خۆم ئاستەنگی قورسم هاتە پێش ، هیچ زانکۆوپەیمانگایەکم تەواو نەکردبوو، رادیۆش خوێندنەوەو نوسینی دەوێت، خوێندنەوەم سەرەتا زۆر خراپ بوو هەر لەبەر ئەوە بۆماوەی سێ مانگ بەردەوام سەیری کارمەندەکانم دەکرد بەتایبەت لە شێوەی قسەکردن و ستایلی خوێندنەوەیان پاش ماوەیەك ووردە ووردە بوومە پێشکەشکاری بەرنامەی(زەنگ وستران) سەرەتا زۆر شلەژابووم خۆبەخشانە ڕەخنەم لێ نەگیرا تەنها دەستخۆشی و بەخێرهاتنم دەکرا، ئیتر دواتر ترسم شکاو ئێستاش بەرێزت دەمبینی.

### دەستخۆشی دەکەن بەڵام بەبێ موجامەلە

شەیدا باس لە ڕاستگۆیی لەکارەکانی دەکات کە بنەمای سەرەکی سەرکەوتنیەتی، بینەران یان گوێگران کەکارێکی منیان بەدڵە کاتێك جوان پێشکەشی دەکەم زۆرینەی خەڵك بەدڵیانەو دەستخۆشی دەکەن بەڵام بەبێ موجامەلە چونکە من حەز بەموجامەلە ناکەم.

لەهەڵسەنگاندنی ئەکتەرەکان پلەی یەکەمم بەدەستهێنا

شەیدا وەك خۆی دەڵێت بەشداری خولێکی شانۆم کرد بۆماوەی مانگێك دوای تەواوبوونی خولەکە، کەژمارەیەك لاو بووین، دوو شانۆگەریمان پێشکەش کرد لەکۆتایی ئەو شانۆگەرییانەش لیژنەی هەڵسەنگاندنی ئەکتەرەکان منیان بەپلەی یەکەمی ئەکتەرەکان دیاریکرد، بەڵام پێموایە بواری ڕاگەیاندن لەگەڵ من نزیکترە و لەو بوارە زیاتر هەست بەسەرکەوتن دەکەم، لەگەڵ ئەوەش دانیم ژمارەیەك لەهونەرمەندان ئێستا کاری پێشکەشکاری دەکەن پێموانیە سەرکەوتووبن چونکە پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ قەساب، سوپاس بۆ تۆش بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیە.

**لەگەڵ ئەوەدانیم ژمارەیەک لەهونەرمەندان کاری پێشکەشکاری بکەن**



# خاتوو نادیەکۆیی:
# دوای دڵداری شاعیر ئەگەر بوار هەبێ لەئاینده ئەرکی دروستکردنی پەیکەری حاجی و تاهیر تۆفیقیش دەگرێتە ئەستۆ



پەیکەری دڵداری گەورە شاعیری کورد لە مەراسیمێکی شایستەدا لە بەردەم مۆزەخانەی ئاغالە لەشاری کۆیە لە١٩-٣-٢٠١٥پەردەی لەسەر هەڵدرایەوە، سپۆنسەری ئەو پەیکەرە خانمێکی کوردی کۆیی یە ئێستا لەوولاتی سوید دەژی ناوی تەواوی(نادیە کەریم حەمەد )ە، ناسراوە بەنادیە کەریم کۆیی، لەدیمانەیکی کورتدا سەبارەت بەو کارەی بۆ گۆڤارەکەمان دواو ووتی: بۆیە دڵداری شاعیرم هەڵبژاردووە چونکە خاوەنی سرودی ئەی ڕەقیبی مارشی نەتەوەییە، و هەڵبژاردنەکەم بۆ کوردوکوردستانە.

نادیە کەریم کۆیی، سپۆنسەری پەیکەری دڵداری شاعیر لەکۆیە بە(سالانەی دکتۆر ڕەئوف)ی ڕاگەیاند:

بۆیە یەکەم هەنگاوم دروستکردنی پەیکەری دڵداری شاعیرە، چونکە ئەو خاوەنی مارش وسردوی نەتەوەیی کوردە، بەمەش جگە لەوەی کارێك بۆ شارەکەی خۆم دەکەم، کارێکیشە بۆ سەرجەم کورد وکوردستانیانە.

باسی کرد:کۆیە خاوەنی چەندین کەسایەتی مێژوویی پڕشکۆیە بۆ کوردوکوردستان بەڵام بەداخەوە وەك پێویست ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە، نمونەی وەك گەورە شاعیری کورد حاجی قادری کۆیی وهونەرمەندی گەل تاهیر تۆفیق ودڵداری شاعیری شۆڕشگێڕی کورد.

نەیشاردەوە کە لەئایندە دوای پەیکەرەکەی دڵدار دەیەوێت کارێکی شایستە بەحاجی و تاهیر تۆفیق بکات ئەو پێی وایە تا ئێستا وەك پێویست کار بۆ ئەو دووکەسایەتیە بەهێزەی مێژووی کوردان نەکراوە، ئەگەر بواری ئەوەی هەبێت ئەوا ئەرکی پەیکەری حاجی و تاهیر تۆفیق دەگرێتە ئەستۆ، وە سوپاس ئەنێرێت بۆ پەیکەرتاش بەختیار هەڵەبجەیی کە توانیویەتی ئەو ئەرکە بخاتە سەرشانی خۆی.

-**نادیە کەریم حەمەد**، نادیەکۆیی، ساڵی ١٩٦٠ لەکۆیە، هاتۆتە ژیانەوە، لەسەرەتای حەفتاکاندا لەتەمەنی منالیەوە ئەندامی تیپی مۆسیقای باواجی بووە لەگەڵ چەند کچێکیتری شاری کۆیە(ڕووجوان تاهیر و زێبا عەبدوڵلا و نیان جەلال)، لە میهرەجانی کوردی لەشاری بەغدا ساڵی ١٩٧٢بەشداریکردووە، ساڵی ١٩٨٥زانکۆی سەلاحەدین کۆلیژی زانست بەشی کیمیای تەواوکردووە، ٢ساڵ لەکوردستان لەشاری کۆیە مامۆستابووە لە ئامادەیی ئینتسار(انتصار)ی کچان لەکۆیە، مانگی ٦ی ١٩٨٨ئاوارەی وولاتی ئێران بووە، ساڵی ١٩٨٩تا ئەمڕۆ لەوولاتی سویدە، دواتر لەسوید بڕوانامەی ئەندازیاری لەکیمیا و ماستەری لەبواری کیمیا بەدەستهێناوە لەساڵی ٢٠٠٩ ، لەساڵی ١٩٨٤ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو و دوو کوڕی بەناوەکانی(ڕێنوار و ڕێکار)هەیە.

# ژنە دووکاندارە تاقانەکەی تەقتەق

# نابێت قسەو ڕێگری هیچ کەسێک کارت تێ بکات، دەبێت هەموو ئەو قسانە بخەیتە ژێر پێتەوە تاوەکو پێی بەرزبیتەوە

**سازدانی: شنیار سایر**

لە دێر زەمانەوە تاوەکو ئەمڕۆش لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا ژمارەیەکی زۆری ئافرەت هەن کە سەرەڕای تەواونەکردنی خوێندنیش بە هۆکاری جۆراوجۆر بەڵام توانیویانە بە هەوڵ و دەستڕەنگینی خۆیان لە ڕووی ماددیەوە پشت بە خۆیان ببەستن و بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن، بەڵام ژمارەیەکی کەمی ئەو ئافرەتانە هاتوونەتە نێو دونیای بازرگانی و بازاڕەوە بەهۆی داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانەوە، بە تایبەتی لە شارۆچکە بچووکەکاندا، بەو پێیەی کە داب ونەریتی کۆمەڵایەتی زیاتر تیایاندا زاڵە، بۆیە هەر دەستپێشخەریەکی لەو چەشنە ئەکرێت بە سەرەتای شۆرشێکی فکری بدرێتە قەڵەم، یەکێك لەو ئافرەتانەی کە ئەو هەنگاوە گەورە و بوێرانەیەی ناوە، خاتوو

(نیان ئەنوەر عەلی)ە، کە یەکەم ئافرەتە خاوەنی دوکانی خۆی بێت لە ناحیەی تەق تەق.

«خاتوو نیان» وەك خۆی ئەڵێت کە کاتی خۆی بەهۆی داب و نەریتی کۆمەڵایەتیەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات و تا پۆلی دەیەمی ئامادەیی خوێندووە، بەڵام ئەمە نەك»خاتوو نیان» ی لە هەوڵدان نەوەستاندووە بەڵکو ئەو وەك ئافرەتێکی بەتوانا هەوڵیداوە جێ دەستی لە بواری تردا دیاربێت و پشت بە خۆی ببەستێت، وەك خۆی ئەڵێت دەستی کردووە بە دوورینی جل وبەرگ بۆ ماوەی پێنج ساڵ، لە ئێستاشدا خاوەنی دوکانی جل و بەرگی ئافرەتانە لە ناحیەی تەق تەق، وە یەکەمین ئافرەتە لە ناحیەکەدا کە دوکان دامەزرێنێت، ئەو سوپاسی هاوسەرەکەی ئەکات کە هاندەری بووە بۆ ئەم کارە و ئێستاش پشتیوان و یارمەتیدەریەتی لە هێنانی شتومەك بۆ دوکانەکەی.

سەبارەت بەوەی ئایا به هۆی بەڕێوەبردنی دوکانەکەیەوە کێشەی بۆ دروست نابێت لە ماڵەوە بەو پێیەی کە ئەو هاوسەر و مناڵی هەیە؟ (خاتوو نیان) ووتی» کێشەیەکی ئەوتۆم بۆ دروست نابێت چونکە ئەگەر کەسێك بیەوێت لە یەك کاتدا زیاتر لە کارێك بکات ئەوا ئەتوانێت کاتەکانی ڕێکبخات و بە باشی کاتەکانی دابەش کات».

ئەو ئەڵێت کە ژمارەیەکی بەرچاوی کڕیاری ئافرەت



سەردانی دوکانەکەی ئەکەن، وە ئەو کڕیارانە هەست بە ئاسوودەیی ئەکەن لەوێ چونکە کە بە ئازادی ئەتوانن داوای پێداویستیەکانیان بکەن و بە ئاسوودەیی جل و بەرگەکانیان تاقی بکەنەوە، بەو پێیەی کە خاوەنی دوکانەکە لە ڕەگەزی خۆیانە.

سەبارەت بەوەی کە چۆن پێشوازی لەم هەنگاوەی ئەو کراوە؟ (خاتوو نیان) ئاماژەی بەوەدا کە خەڵکانێکی زۆر دەستخۆشی و پشتگیریان لێکردووە و لە هەمانکاتیشدا کەسانێك هەبوون کە ویستوویانە ساردی بکەنەوە لە کارەکەیدا و بیوەستێنن، بەڵام ئەو گوێی بەو جۆرە قسانە نەداوە، چونکە ئەو پێی وایە ئەگەر مرۆڤ بیەوێت لە کارێکدا سەرکەوتوو بێت نابێت قسە و ڕێگری هیچ کەسێك کاری لێبکات و بیوەستێنێت و دەبێت هەموو ئەو قسانە بخاتە ژێر پێیەوە تاوەکو پێی بەرزبێتەوە.

(خاتوو نیان) باوەڕیشی وایە کە پێویستە ئافرەتان پەرە بە بەهرە و تواناکانیان بدەن و لە سەرجەم بوارەکاندا بوون و توانای خۆیان بسەلێنن، وە ئەو ڕاستیە بزانن کە کاری ئافرەت تەنها ئیشی ماڵ و خزمەتکردنی پیاو و منداڵ و میوان نیە.

ئەو دەست خۆشی لەو پیاوانەش کرد کە وەك هاوسەرەکەی ئەو یارمەتدەر و پشتیوانی ئافرەتانن لە کاروبارەکانیاندا، پەیامیشی بۆ سەرجەم پیاوان ئەوە بوو کە ڕێگری لە خوشك و دایك و هاوسەرەکانیان نەکەن ئەگەر ویستیان لە دەرەوە کار بکەن و هاوکار و پشتیوانیان بن.

# وەرزش لەشارۆچکەی تەقتەق لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ



**تاریق سابیر ڕەمەزان**
**سەرۆکی لیژنەی تیپەمیللیەکانی تەقتەق**

ئەگەر ئاورێك لەبواری وەرزشی تەقتەق بدەینەوە دەتوانین بڵێین وەرزش لەساڵانی سییەکانەوە سەری هەڵداوە، یەکەم جۆری یاریش(ڕاکردنی ماوە درێژ)بووە، هەر لەوسەردەمەداکۆمەڵێك وەرزشکار هەبوون دیارترینیان خوالێخۆشبوو(ئەحمەد جەمیل) بوو، کەتوانیویەتی لەسەر ئاستی مەعاریفیەت پلەی باڵا بەدەست بێنێت و مەدالیای(بڕۆنز) وەربگرێت، لەدوای ئەوە لەکۆتایی شەستەکان وسەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو کۆمەڵێك وەرزشکاری تری بەتوانا هەبوون لە تۆپی پێ وتۆپی باڵەو تیپیان دروستکردووە و لەگەڵ تیپەکانی کۆیەوهەولێروشوان وکەرکوك یاریان ئەنجامداوە، لەساڵانی هەشتاکانیش چەند تیپێکیتر زیادیکرد لەتیپەکانی تۆپی پێ و تیپی تۆپی باڵە، بەو شێوەیە وەرزش لە تەقتەق بەردەوام بوو تادوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١.

**دامەزراندنی یانەو گەشەی وەرزش**

**یەکەمجار لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان پێشبڕکێی بەلەمەوانی لەزێی بچووك ئەنجامدا**

لەساڵی ١٩٩٤ەوە کۆمەڵێك گەنج و وەرزشکاری دێرین هەوڵیاندا یانەیەك دروست بکەن بەڵام بەهۆی دێوەزمەی شەڕی ناوەخۆوە نەتوانرا یانەکە دابمەزرێت، هەولەکان بەردەوامبوون تاوەکو لە(١٣/٧/١٩٩٧) یانەی وەرزشی تەقتەق ڕەزامەندی وەزارەتی ناوەخۆی بۆ دەرچوو و هەر لەوساوە لەو یانەیە زۆرترین گەنج و وەرزشکاری لەدەور کۆبۆوەو کۆمەڵێك چالاکی زۆر و پڕبایەخی ئەنجامدا لەوانە ساڵی ١٩٩٩بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان پێشبڕکێی بەلەمەوانی لەزێی بچووك ئەنجامدا بۆ ساڵانێك لەزانکۆی سلێمانی کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی باسی دەکرایەوە.

**باڵەی کچان لەپلە نایابەکانی عێراق و کوردستانە**

هەروەها لەساڵی ١٩٩٥ەوە تیپی باڵەی کچان کرایەوە و ئێستا ئەو تیپە یەکێکە لە تیپە پلە نایابەکانی عێراق وهەرێمی کوردستان، جگە لەمانە بەشێوەیەك گەشە درا بەبواری وەرزش کە لەساڵی ٢٠٠٨لەشارۆچکەی تەقتەق ١٣تیپی تۆپی پێ و٨تیپی باڵە هەبووە، هەندێك یاری تریش پەرەی پێدرا وەك یاری سێینە کە لەسەر ئاستی پاڵەوانێتی عێراق بەشداریکردووە و پلەی زۆر باشی بەدەستهێناوە، بۆماوەی چەند ساڵێکیش(قارەمان سەلمان رەحمان)سەرۆکی یانەی تەقتەقی ئەوکات ئەندامی یەکێتی سیانی عێراق بوو کە لەدەریاچەی دووکان یارەیەکان دەرۆیشتن بەرێوە.

**ژێرخانی وەرزشی تەقتەق یاریگاکان بەنمونە**

لەسەرەتای هەشتاکانەوە یاریگا لە تەقتەق هەبووە کە لەلایەن وەرزشکارانەوە دروستکراوە و چەند شوێنێك بەکاتی کراون بەیاریگاو دواتر بەبیانوی جۆراوجۆرەوە تێکدراونەتەوە، دواجار لەساڵی ١٩٩٨-١٩٩٩بە دلسۆزانی وەرزشی لەتەقتەق توانرا یاریگایەکی خۆڵاوی(١١یاریزانی) دروست بکرێت کەخاوەنی زەوییەکە هاوڵاتی(نەسرەدین قادر)بوو، چەند جارێك لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بودجەی خەیاڵی لێ سەرف دەکرا، بەڵام نەبووە ئەو یاریگایەی کەجێی ئومێدی وەرزشکاران بێت، وە لەساڵی ٢٠٠٨یاریگایەکی کۆنکرێتی پەڕژینکراو بۆ تۆپی باڵە لەناو سەنتەری گەنجانی



تەقتەقەوە لەلایەن کۆمپانیای نەوتی تەقتەق(تی تی ئۆپکۆ)ەوە دروستکرا، بەداخەوە پاش ماوەیەك پەڕژینەکەی لێ کرایەوەو لەیاریگای تۆپی پێ درا، هەروەها لەنێو یاریگای ١١یاریزانی تەقتەق یاریگەیەکیتری کۆنکرێتی تۆپی باڵە دروستکرا.

دوای ساڵی ٢٠٠٨ بۆ یەکەمجار یاریگای تارتانی(فوتساڵ) دروستکرا لەخوارووی گەرەکی رزگاری بەناوی یاریگای شەهید ئاکۆسورەوە، ساڵی ٢٠١٣یاریگەی دووەمی دووەمی تارتان لەتەقتەق دروستکراو هەمان ساڵیش یاریگەیەکی ١١یاریزانی چیمەنی دروستکرا لەگەرەکی گۆرقەرەج و یاریگەی هۆڵی داخراویش لە تەنیشت یاریگەی فوتساڵی شەهید ئاکۆسور لەو ماوەیەدا دروستکرا، لەساڵی ٢٠١٠ەوە کارگێری ناحیەی تەقتەق بایەخی بەوەرزشی گوندەکانی دەوروبــەری تەقتەق داو چەند یاریگەیەکی فوتساڵی بۆ دروستکردن لەگوندەکانی(چرم حەیدەر و شیواشۆك وئیلنجاغی گەورەو ساتوقەڵا ومۆخەرەس ).

دوای یانەی وەرزشی تەقتەق لەساڵی ٢٠١٠ەوە لیژنەی تیپە میللیەکانی تەقتەق پێکهاتووەولەساڵی ٢٠١٤ەوە ناوەندی وەرزش و لاوانی تەقتەق دامەزراوە.

لیژنەی تیپە میللیەکان زۆرترین چالاکی ئەنجامداوە

دوای ئەوەی لەساڵی ٢٠١٠ەوە لیژنەی تیپە میللیەکانی تەقتەق دامــەزراوە، زۆرترین کاروچالاکی بۆ وەرزشکاران کراوەو لەهەموو بوارەکاندا، توانراوە تیپە میللیەکانیش رێکبخرێت، تەنها لەساڵی(٢٠١٣)ژمارەی یاریزانەکانی تیپە میللیەکان گەیشتە(٦٣٠)یاریزان لە٧٠ تیپی تۆپی پێی فوتساڵ و١٦تیپی تۆپی باڵە رێکخرابوون، وە ساڵی ٢٠١٤ ژمارەی تیپەکانی تۆپی پێی ١١یاریزانی گەوران گەیشتە ٣٣تیپ ولە لاوانیش بووە ٩ تیپ هەروەها ٣٠تیپی تۆپی باڵەش لەوساڵەدا هەبووە و ژمــارەی وەرزشکاری خولەکان وتیپەکان نزیکەی(١٠٠٠)وەرزشکار، جگە لەوەرزشکاری تۆپی سەرمێز وڕاکردنی ماوەدرێژو پایسکل سواری وشەترەنج ومەلەوانی کەزیاتر لە ١٥٠ وەرزشکار دەبـن، لەماوەی ساڵی ڕابـردوو تا ئەمڕۆ دەیـان چالاکی جۆراوجۆری خولەکانی وەرزشی لەسەر ئاستی کۆمەڵی و یارییە تاکەکانی ئەنجامداوە، لە دیارترینیان

خولی تۆپی پێی کچان و پێشبرکێی مەلەوانیە.





# یاریزانێک مەدالیا زیوەکەی فرۆشتووە

## لەئاستی عێراق پلەی سێیەمی بەدەستهێناوە

## لەگۆمەکانی کارگەی چەو ولمی کەنار زێی بچوک ڕاهێنان دەکات

**ئامادەکردنی: داسن عومەر**

مەلەوانزانێکی یانەی وەرزشی تەقتەق بەبێ ئەوەی ڕاهێنەری هەبێت لەئاستی پالەوانێتی عێراقدا پلەی سێیەمی بەدەستهێناوە ولەپالەوانێتیەکانی ناوەخۆیی هەرێم ویانەکاندا پلەی باشی بەدەستهێناوە، وەك خۆی دەڵێت: لەبەر بێ پارەیی مەدالیە زیوەکەی پاڵەوانێتی عێراقی فرۆشتووە.

نەوزاد حەمید ئەو مەلەوانزانەی لەمناڵیەوە بەدووری ٥مەتر ماڵیان لەکەناری زێی بچوکە و هەر لە ئاوی ئەو ڕووبارە فێری هونەری مەلەوانی و مەلەوانزانی بووە، خانەوادەی نەوزاد حەمید لە تەقتەق بەمەلەوانزانی ناوبانگیان هەیەو لەئەنفالی چواریش زۆر خێزانی سنوری شێخ بزێنی سەروویان لەو ڕووبارەوە دەرباز کردووە.

ئێستا یاریزانی مەلەوانی یانەی وەرزشی تەقتەقە و سەبارەت بە دەردە دڵی خۆی بۆ گۆڤارەکەمان دوا و وتی:

لەساڵی ٢٠٠٦ەوە لە یانەی وەرزشی تەقتەق بەشداری پالەوانێتی عێراقی کردووە لە دەریاچەی دووکان، یەکەمجار لەسالی ٢٠٠٦پلەی چوارەمی پالەوانێتی عێراقی بەدەستهێناوە و لەساڵی دواتر ٢٠٠٧ پلەی سێیەمی وەدەستهێناوە و مەدالیای زیوی پێدراوە، وەك خۆی دەلێت لەبەر بێ پارەی مەدالیا زیوەکەی فرۆشتووە.

نەوزاد حەمید لەسالی ٢٠١٤ بەشداری پالەوانێتی مەلەوانی یانەکانی کوردستانی کردووە لە رانیە و پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.

ئەو یاریزانە زیاتر گلەیی لەیانەکەی دەکات و دەلێت:

شوێنی ڕاهێنان و ڕاهێنەریشی نیە، تەنها گۆمەکانی کارگەکانی چەوولی کەناری زێی بچوك شوێنی ڕاهێنانیەتی و خولیاو ئارەزووی خۆی بووە بەڕاهێنەری.

باس لەوەش دەکات هەندێکجار کە ئەو کاتەی پۆلی نۆیەمی بنەرەتی بووە بۆ خۆئامادەکردنی پالەوانێتیەکان تاقیکردنەوەکانی فەرامۆشکردووە کەچی مانگانە یانەی وەرزشی تەقتەق تەنها ٤٠هەزاری دیناری پێدەدات وەك گرێبەست و هەندێکجار چەند مانگێك ئینجا ئەو هاوکارییەی دواشکەوتووە.

– دوا پێشبرکێی مەلەوانی لەزێی بچوك لەگەل ٦٠ مەلەوانزانی تەقتەق بە دووری ٢کیلۆمەتر لە زێی بچوك بەشداری کردووە و پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.

# وێنەو مێژوو



**ئامادەکردنی: ئاراس ئیلنجاغی**
**ئەرشیفی: فەتتاح عەبدولرەحمان**

ئەم وێنەیە لەساڵی خوێندنی ١٩٧١-١٩٧٢ لەخوێندنگەی ناوەندی تەقتەقی کوڕان گیراوە، بەکامێرای مامۆستای زمانی ئینگلیزی کەناوی(فاروق )بووەو خەڵکی بەغداد بووە، لەلایەن بەڕێز(فەتاح عەبدولرەحمان تاڵەبانی) یەوە گەیشتۆتە دەست ستافی گۆڤارەکەمان.

ڕاوەستاوەکان:لەڕاستەوە بۆ چەپ

١-غازی عەبدولکەریم بەڕێوەبەر

٢-فەقێ عوسمان، خەڵکی گۆمەشینی سەیدان ناسراو بەفەقێ گۆمەشینی پۆلی دووەم، لەگفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ شەهیدبوو، سەرتیپی تیپی ٩٣ی کۆیە بوو.

٣-فازیل محەمەد شەریف ئیلنجاغی، پۆلی یەکەم.

٤-فاروق عەلی مەولود داربەسەری، پۆلی دووەم.

٥-سەلام حەمەخان گۆمەشینی سەیدان، پۆلی یەکەم

٦-ئەرسەلان مەولود گۆمەشینی سەیدان، پۆلی دووەم

٧-محەمەد عەبدولقادر سێگردکانی، پۆلی یەکەم

٨-ئەمیر عوسمان گۆمەشینی سەیدان، پۆلی یەکەم

٩-ئەبوبەکر سلێمان فەتحوڵلا ئیلنجاغی، شەهید بەکر ڕەشاش، پۆلی یەکەم

١٠- ئەبوبەکر سدیق عوسمان ئیلنجاغی(شوان شێخانی)، پۆلی دووەم

١١- بەشارەت فاتح خورشید تەقتەقی ، پۆلی دووەم

١٢- نەجمەدین مەولود حەسەن ئیلنجاغی، پۆلی دووەم

١٣- ڕەشید عوسمان مەرزانی سەرێ، پۆلی یەکەم

١٤- جەلال خورشید داربەسەری گەورە، پۆلی دووەم

١٥-نەجمەدین بایز مەرزانی سەرێ، پۆلی دووەم

١٦-عومەر عەلی ڕەزا کەپەنکی، پۆلی دووەم

١٧-نامیق حەمە تەیب تاڵەبانی ، پۆلی دووەم

دانیشتوەکان لەڕاستەوە:

١-ئەبوبەکر عەلی شەوگێری، پۆلی یەکەم لەجەنگی عێراق-ئێران شەهید بوو

٢-خالد فەقێ حمد تالەبانی، پۆلی یەکەم

٣-فەتاح عەبدولرەحمان تاڵەبانی، پۆلی یەکەم

٤-عەلی بەکر عارف تەقتەقی، پۆلی دووەم

٥-بەختیار عومەر، پۆلی دووەم

٦-قاسم عیسا قەدۆ، پۆلی دووەم

٧-گوشاد عەبدولرەحمان بایز ئیلنجاغی، پۆلی یەکەم

٨-خزر مەولود داربەسەری، پۆلی یەکەم

٩-لەوێنەکەدا ٣قوتابی دەرنەچوون(ئەسوەدی قادر شەریف و نازمی حەسەن عەلی و محەمەد مستەفا).



# فۆتۆگرافەر ئامانج جومعە:

## خۆڕسکانەو بێ ئەزمون

## لەحەزو ئارەزوو و خولیای خۆمەوە دەستم پێکرد

ئەو گەنجەی تەمەنی ٢٠ساڵە و کاری پیشەی فۆتۆگرافەرە ولەبواری ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی تەقتەقە وبۆماوەی ٥ساڵ دەچێت لە کەناڵی ڕاگەیاندن و کاری فۆتۆگرافەری و راگەیاندن کاردەکات، هاوکارێکی باشی بنکەی خێرخوازی دکتۆر ڕەئوفیش بووە لەماوەی ٣ساڵی رابردوو، ساڵانەی دکتۆر ڕەئوف لەنزیکەوە هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ سازکردووە.

ئامانج جومعە تاڵەبانی ئەو گەنجەیەو باس لەسەرەتای کاری فۆتۆگرافەری خۆی دەکات و دەڵێت: خۆڕسکانەو بێ ئەزمون لەحەزو ئارەزو و خولیای خۆمەوە بۆ کارەکە دەستم پێکرد ، بەتێپەڕبوونی کات شارەزاییم پەیداکردو تاگەیشتە ئەوەی بەتەنیا پێشانگای فۆتۆگرافەری تایبەت بەوێنەکانی خۆم بکەمەوە.

هەروەها زۆر سودم بینیووە لەکەسانی شارەزاو ئەکادیمی وبەشداری خولی ئەو بوارەم کردووە و بڕوانامەی بەشداربوونم بەدەستهێناوە، سروشتی تەقتەق زۆر هاوکاری ئامانجی کردووە لە دوولایەنەوە وەك خۆی دەڵێت: هەستکردن بەوەی تەقتەق لەڕووی فۆتۆگرافەریەوە کەمتەرخەمی هەیە سەرەڕای سروشتە جوانەکەی لەلایەك و هەڵواسینی وێنەی سروشتی ناوچەکە لەلایەکی ترەوە واتە ناساندنی جوانیە سروشتیەکانی تەقتەق بۆ کوردستان و ئاشناکردنی هاولاتیانی کوردستان لەرێگەی فۆتۆوە بە شارۆچکەکەم.

ئامانج دەشڵێت: هونەری فۆتۆگرافی لەجیهان لەبەرەو پێشچوندایەو لەبەشێك لەوڵاتان لەسیستەمی پەروەردەش باس دەکرێت.








# سوپاسنامە

بەناوی خانەوادەی دکتۆر ڕەئوفەوە سوپاسی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە دەکەین کە بەرامبەر ئەو کارە خێرخوازیانەی خوالێخۆشبوو(دکتۆر ڕەئوف) لەبواری پەروەردەو فێرکردن لەماوەی یانزەساڵی ڕابردوو لە شارۆچکەی تەقتەق ئەنجامیداوە، خوێندنگەیەکیان ناوناوە( خوێندنگەی دکتۆر ڕەئوفی بنەڕەتی کوڕان)، ئێمە وەك خانەوادەی دکتۆر ڕەئوف وێڕای پێخۆشحاڵبوونمان بەو هەنگاوەیان، تێ دەگەین کە ئەوان خەمخۆرانی بواری پەروەردەو فێرکردن لەبیرناکەن و لەلای خۆشمانەوە بڕیاردەدەین کە لە بنکەی خێرخوازی دکتۆر ڕەئوفەوە بەردەوام بین لەسەر بنەما خێرخوازییەکانی کە باوکی کۆچکردومان دکتۆر ڕەئوف بەرنامەی بۆ داناوە، دووبارە سوپاستان دەکەین و هیوای سەرکەوتننتان بۆدەخوازین.

خانەوادەی دکتۆر ڕەئوف




سوپاسی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی تەقتەق دەکەم کە هەوڵ و ماندووبونی کتێبی(زێوەدەر)ی بەندەیان بەرزنرخاندو لای خۆیانەوە پێشنیاری ئەوەیانکردووە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە کە قوتابخانەی گەڕەکی بانەڕەقەی تەقتەق ناو بنرێت(زێوەدەر)، لەلایەکیتریشەوە دوای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە بەمەی زانیووە پێشنیارەکەی بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەقی پێشوو(سەرکەوت ڕەسول عەزیز) یان وەك خۆی وەرگرتووە بۆیە سوپاسی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیەش دەکەم، بەدەرفەتی دەزانم دەستەواژەی زێوەدەر لێرەدا ڕوونبکەمەوە(زێوەدەر=زێ+دەر) وشەیەکە دروستکراوە هاوشێوەی وشەی(دەشت+دەر)بەمانای زێی بچوك وەدەوروبەرەکەی ، دووبارە سوپاسیان دەکەم و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

ئاراس ئیلنجاغی

نوسەری کتێبی(زێوەدەر)